UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

October : 2012 | یەکبوون ژمارە : ٣١ | خەزەڵوەری ٢٧١٢




* دەوڵەتی نەتەوەیی........ ویکیپیدا .......... لاپەرەی ........ ٢
* باشوور و باکوور ... ڕێگایەک بۆ یەکبوون .......محەممەد ئەمین پێنجوێنی ... لاپەرەی. ٥
* مەلای خەتی ... لە نێوان هەقیقەت و خیانەت دا .....حیدر عبدالله ........لاپەرەی ٨
* ئافرەت لای کانت .......... حەمە سەعید حەسەن .... لاپەرەی ١١
* باسیکی کورت لە سەر ژیاننامەی ڕۆزالوکسمبورک ......... تونی کلیف ...و. ئازاد ئارمان ...... لاپەرەی ١٣
* مافی پەنابەران لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان دا .....عبد محمد احمدی .... و . چیا عەبدوڵڵاپوور...لاپەرەی ١٤
* ڕۆژژمێری مانگی خەزەڵوەری ٢٧١٢ی کوردی .......... ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی ..... لاپەرەی .... ٢٠

# دەوڵەتی نەتەوەیی

دەوڵەتێکی نەتەوەیی دەوڵەتێکە کە لە سەر بنەمای مافی نەتەوەیەک هاتۆتە دی . ئەوان نوێنەرایەتی دەوڵەتانی نەتەوەیی دەکەن چون نوێنەرایەتی شارۆمەدانێک دەکەن کە لەباری نیژادییەوە یەکن . لێکسیکۆنی بۆنیەرز (bonniers lexikon ) دەوڵەتی نەتەوەیی ئاوا تاریف دەکا وەدەڵێ : جوغرافیایەکی سنووردار کە زۆربەی دانیشتوانی خاوەن یەک زمان ، یەک فەرهەنگی هاوبەشن . نۆرویژ سەربەخۆیی خۆی دە هەڵوەشاندنەوەی ئەو یەکێتییەی کە دەگەڵ سۆئید بووی دە ساڵی ١٩٠٥ دا دەدی ،دەکرێ وەک نموونەیەک بۆ تێگەییشتن لە دەوڵەتی نەتەوەیی بێهێنینەوە . دە ماوەی ساڵەکانی ١٩٠٠ کە سەردەمی وەلاتانی کۆلۆنیالیستەکان بوون زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە ژێردەستەی ئەو کۆلۆنیالیستانە بوون دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان بە گوێرەی ویستی خۆیان دامەزراند لەوانە،وەک وییەتنام ١٩٥٤ و بنگلادش ١٩٧١.

### بنیاتنانی نەتەوە و سیاسەتێکی فرە چەشنی

گرینگترین کەرەسە بۆ بنیاتنانی نەتەوەیەک خوێندەواری لانیکەم ٣تا ٩ ساڵ بە زمانی نەتەوەیی(زگماکی ) ، هێنانەگۆڕێی مێژووی نەتەوەیی ، و هیمای نەتەوەیی(ئالا وسروودی نەتەوەیی ) وهەر شتێکی دیکەی کە باس لە نەهێشتنی ئاسمیلەکردنی نیژادێک یان نەتەوەیەک دە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەدا کە تێیدا دەژین بکا . ئەگەر نەتەوەیەک بێهەوێ سەربکەوێ ،دەبێ پێناسەیەکی جەماوەری بۆ پێناسەکردنی دە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بناسێ ،نەک ئەو شتە سەرتاییانەی کە خۆیان وەک نیژاد دە پەیوەندی دەگەڵ دەوڵەت دا دبیننەوە . ئەوە دەتوانێ خولقێنەری گیر وگرفت بن دە دامەزراندنی دەوڵەتێک لە لایەن یەک نەتەوەوە ، بەڵام لەو جێگایەی مەهاجرەت دێمۆگرافی دەگۆڕێ .بۆ نموونە چلۆن "سۆئێدی" بوون خۆی دەگەڵ شارۆمەندبوون لە سۆئێد و هەروەها دەگەڵ ئەو ڕیشە نیژادییەی کە ئەو دەگرێتەوە گرێبدا . لێکدانەوەی پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەیی بنەمایەکە دە پەیوەندی دەگەڵ ناوەندی بەڕێوەبەرایەتی سیاسەتی وەرگرتنی پەنابەران وەک شارۆمەندی سۆئێدی . بەدوای ساڵەکانی ١٩٩٠ دا ئەو بۆچوونە لە لایەن دەوڵەتی نەتەوەیی کەم تا زۆر جێ خۆی دا بە بۆچوونی گلوبالیزەکردن ، فرە فەرهەنگی ،یان فرە نیژادی و فرە مەزهەبی . دەوڵەتی نەتەوەیی لەوێوە نەخشی خۆی وەک خانەخوێیەکی دڵفراوان وبە تەحەممول دە چوارچێوەی هەرێمی خۆیدا وەستۆ دەگرێ.

## ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی لە ڕوانگەی چەند پسپۆڕی ئەو بوارەوە

### بێنەدیکت ئاندەرسۆن

بنەدیکت ڕیچارد ئۆگورمان ئاندرسۆن ٢٦ی ئاگوستی ١٩٣٦ لە شاری کونمینگی چین لە دایکبووە . زماناسێکی ئیرلەندی ئەمریکاییە و پرۆفسۆری دەوڵەتناسی دە لێکۆڵینەوەکانی نێودەوڵەتی لە زانستگای کۆرنێل لە ئەمریکا و برای مێژووناسی ناسراو پێرری ئاندەرسۆنیشە. توێژینەوە لە سەرناسیۆنالیزم بەرهەمی بێنەدیکت ئاندەرسۆن: Reflections on the origin and Spread on nationalism imagined Communities ١٩٨٢ دە مەقامی نووسەرێکی سیاسیدا ،نەتەوە بە پێناسەیەکی هاوبەش کەزۆر زوو بوو بە قسەی سەر زاران دەناسێنێ . بۆچوونی و تێڕوانینی ئاندەرسۆن لە مەڕ پێکهاتەی بیری نەتەوەیی مۆدێڕن و عەمەلی بوو. مەبەست لە نەتەوە وەک ڕوانگەیەکی ڕووحی ڕەوانی ، و وەک بزووتنەوەیەکی جەماوەری ببووە بنەمای سەرەکی توێژینەوەکەی . بەرهەمی ئێرنێست گێلنێر یش هەر دەوساڵیدا کە هێ ئاندەرسۆن بڵاوکرابووە کەوتە بەردەستی خوێنەران . لێرەش تێڕوانینەکە هەر شارەستانییانە بوو ،بەڵام گێلنێر بناخەیەکی بۆ بیری نەتەوەیی لە بەرچاو گرتبوو دەئاڵوگۆڕی چوارچیوەی بە سەنعەتیکردن و مۆدێڕنیزەکردنی ،و ئاماژەی بە خۆگونجاندنی زماناسی دەگەڵ ئەو مۆدێڕنیزمە دەکرد . ئەرێ لە پشت ئەو بیری نەتەوەیی یەوە چ فاکتۆڕی گەلێکی ڕووحی ڕەوانی بوون ؟ ئەرێ ئەو فاکتۆرە ڕووحی ڕەوانییانە بە مەبەستی سەلماندنی بیری نەتەوەیی چلۆن وەدیهاتوون ؟ هاوبەشێکی نەتەوەیی بریتییە لە تایبەتمەندییەکانی هاوبەش دە نێوان جیلی ئێستا و ڕابردوو و داهاتووی ئەو نەتەوەیەدا .ئەو هاوبەشییە ناتوانێ شتێک بێ بێجگە لەو تایبەتمەندیە ناساندراوە یان ناساندەراوەکان کە دەبێ لە سەربنەمایەک بە ڕابردوویەکی دوور ودرێژ وەک ڕەوتی سروشتی مرۆڤ بۆ پێناسەی خۆی وەک پەیوەندی نێوان خزمایەتی و دۆستایەتی بنیات نرابێ . هەستی نەتەوایەتی هەڵگری ناوەرۆکێکی دیکەیە دە هەڵسەنگاندن دەگەڵ ئەوداب ونەریتەی کۆمەڵگا کە زۆرتر فیزیکی ، سەرلێشێواوێکی کەتا ڕادەیەکیش تایبەتین . هەموو چەشنە هاوبەشێکی کۆمەڵایەتی کەلەسەر ئەو هاوبەشییە بێ بنەمایانەی نێوان مرۆڤەکان پێکدێ دەبێ بە دڵنیاییەوە لەبەرچاوبگیرێن . هەر وەک چۆن دە فۆڕمی کۆنی ئەو هاوبەشییانەی کە بەوردی دە پێکهاتەکانی یەکگرتووی مەزهەبی یان کەونارایی یانەدا تاقیکراونەتەوە . سەرەڕای وەرچەرخانێکی کارا بەدوای وەدیهاتنی تەکنیکی نوێی چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی لەئوروپادا . تێکەڵاوی بە سێکولاریزە کردن وپێشکەوتوویی دە کۆمەڵگای فێئۆداڵی بەرەو کاپیتالیزمدا فۆڕمێکی دیکەی دەسکەوتەکانی چامەنی کە وەک ئاندەرسۆن مەبەستێتی ، دەبێ بووبێ بە بناخەیەک بۆ ئەو بنەما بەرینانە لە دامەزراوەکانی نوێی کۆمەڵایەتی . لە لایەن دەسکەوتی چامەنی کاپیتالیزم هەلومەرجی خوێندەواری بۆ جەماوەر ڕەخسا کە هەر ئەوەش بوو بە بنەما بۆ گەشەکردنی بواری زەمان وزەمانەوانی خەڵکان کە خۆی یەکێک لە هەستە پێداویستییەکانی هەرە گرینگی ناسیۆنالیزمە بۆهەست بە زمان و فەرهەنگی هاوبەش کردن . بە وەتەی ئاندەرسۆن بیری نەتەوایەتی دەتوانێ بگوێزرێتەوە یان بەگونجێندرێ بۆ نێو هەموو کۆمەڵەیەک بەو مەرجە ئەو پێناسانە بسەلمێندرێن بۆنموونە ئەو هەلومەرجە بەرینە بۆ ئەو پەیوەندییە هابەشییانە و جەمارییە کە تا ئێستا وەدیهاتوون .بۆ ئەو پێناسانەی کە دەو دوایانەدا ئاندەرسۆن بۆ بەرینبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی باسیان دەکا ئەو سێ تکنیکەن واتە سەرژمێری خەڵک،خەریتە ، موزە(کەلەپوری مێژوویی ) . ئەوەیکە زۆر بە ڕادیکاڵ دە لێکۆڵینەوەکانی ئاندەرسۆن وەبەرچاو دێ ،ئەوەیکە ئەو بە بەشە هاسایی و بە کردەوە لە سەرساغبووەکەی دامەزراندنی ئامرازێک بۆ بە یەکدەست کردنی بواری جوغرافیایی ،ئەژماری خەڵک ،مێژوو نووسراوەکان ،ناوەستێ و هەنگاوێک زیاتر بەرەو پێش دەنێ و لە خۆی دەپرسێ ،چن ئەو ئامرازانە بۆ پێکهێنانی یاسایەک بۆ کۆمەڵگای ئێمە . چن ئەوانەی کە وا پێی دەوترێ سەرئەژمێری خەڵک ،

خەریتە ، کەلەپووری مێژوویی کە نوێنەرایەتی خەڵک ، سنووری بەڕیوەبەراتی و مێژووی پێشکەوتووی یەکدەست وهاوبەش دەکەن ؟ ئاندەرسۆن نموونەیەک بۆ نەخشی وەدوا خستن یان ڕەددی ئەوڕوانگەیە دێنێتەوە و دەڵێ : بەشێکی لێکدانەوەی ساکار لە مەڕ وێنەی مەحاسەباتی ناسەرکەوتووانەی نەتەوەیەک کاردانەوەیەکی ڕوونە و واقیعییەتێکی دڵتەزێن کە بەفۆڕمی سەرلێشێواوییەکەیەوە دیارە .ئاندەرسۆن ئەو دیوی شتەکەش هەڵدەداتەوە وئاماژە بە ڕادەیەک لە سەرلێشێواوی دەکا کە بوونە واقیعییەتێکی حاشاهەڵنەگری وەک وەستان و چوخسان دە دیاریکردنی وێنەیەک لە چۆنیەتی سنوور دە بواری نەتەوەیی دا .بەرهەمی ئاندەرسۆن natinalism :Sectres of Comparision ،Southead Asia and the World(١٩٩٨) و باسەکەش درێژەی Imagined Commuities لە ڕێگای بە فرەپرنسیپانە وتاریفێکی هەڵسەنگاندنانە لەچۆنیەتی هێندێک لەو دەوڵەتە نەتەوەییانەی کە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دا دامەزراون ،بووە .

## کارڵ دابلیوو دۆچ

کارڵ دابلیوو دۆچ لە ٢١ی جوونی ١٩١٢ لە پڕاگ لە دایکی بووە و لە ١ی ئۆکتۆبری ١٩٩٢ لە کامبریج ماساچووسێتی ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە و یەکێک لە دەوڵەتناسەکان و پرۆفسۆرە بە ناوبانگەکانی زانستگای yale university لە نێوان ساڵەکانی ١٩٥٨ - ١٩٦٧ ولەدوایەش چالاکی خۆی لە زانستگای Harvard University درێژە پێداوە . دۆچ لە ڕێگای بە تایبەت لێکۆڵینەوەکانی یارمەتیدەرێکی بەرچاوی سەردەمی مۆدێرن لە مێتۆدی ئەزموونی دە بواری توێژینەوەی دەوڵەتی بووە . دە نێوان نووسراوەکانیدا دەکرێ لە Political Community and the north atlantic Area ١٩٥٧ کە باکوور وەک "säkerhetsgemenskap"(هاوبەشی ئەمنییەتی ) و :The Analysis of Internatonal Relations ١٩٦٨واتە (توێژینەوە لە مەڕ پەیوەندییەکانی نێونەتەوەیی ) دا بدوێین . بەرهەمی کارڵ دابلیوو دۆچ Nationalism and Social Communication( ١٩٥٣ ) دەتوانین بێ شک بڵێین چەکەرەیەک بوو بۆ لێکۆڵینەوەیەکی نوێ لە مەڕ چەمکێکی وەک ناسیۆنالیزم و بنیاتنانی دەوڵەتی نەتەوەیی . ئەو نووسراوەیە ئەژمارێکی بەرچاوی دەساڵی ١٩٦٦ دا لێ چاپکرا و وەک زانایەکی جێکەوتوو و ئاشنا بە توێژینەوەی چەمکی ناسیۆنالیزم دوای تەواو بوونی شەڕ بوو . گرینگی دەوەدا بوو کە لەو ڕەوتە پێشووییەی ئەزمی ڕووحی ڕەوانی کۆمەڵایەتی کە لە لایەن Gustave Le Bons، Massans psykologi ١٨٩٥ نوێنەرایەتی دەکرا گوێزرایەوە بۆ پێداگری لە سەر کەرەسەیەکی تەکنیکی بە دەستانەوە بۆ تەئسیری هەرچی زیاتر و فەرهەنگێکی یەکدەست و هاوبەش . سرنجێکی زیاتر بە ڕێکخراوەکانی پەیوەندی جەماوەری کۆمەڵگا دەدرا و دەگونجێندرا _ وەدە درێژەپێدانەکەش نەخشی ناوەندی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی وەک یەکدەست کردنی کەرەسەکان بە مەبەستی بنیاتنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە کارساز دەزانی . ئەو ڕەوتە مۆدێرنە پێشکەوتوویە بە ڕوانگەیەکی نوێی توێژینەوە پێی نایە مەیدان ، بەرلە هەموو شتێک ڕووناکایی خستنە سەر چۆنیەتی کۆمەڵگایەکی سەنعەتی وگرینگیی شێوەی ئەوپێکهاتانە لە سەر سەرهەڵدانی دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەیی یەکان . وەک هەلومەرجێکی بنەڕەتی بۆ دابینکردنی کۆمەڵگایەکی سەنعەتی ئاماژە بە پەیوەندییەکانی جەماوەری و پەرەپێدان بە کەرەسەکانی بەرهەمهێنەر لە کۆمەڵگا دا دەکا .دەوڵەتی نەتەوەیی و کۆمەڵگای سەنعەتی بەیەکەوە دەلکێندرێن و ویکڕاش وەک مۆدێلێک دێنە بەر لێکۆڵینەوە . تاریفێکی کە دۆچ لە دەوڵەتی نەتەوەیی دەکرد بە پێی ئەو بناخە دانراوانە بوو .ئەو لە سەر ئەو باوەڕ بوو کە خەڵک لە ڕێگای کاناڵگەلی تەواو و بێ کەموکوڕی پەیوەندییەکانی جەماوەرییەوە دەکرێ ڕێکبخرێن . وەک دۆچ خۆی بە عیعتیباری ئەو مێتودە مۆدێرنەی توێژینەوە کە زۆرتر ئاماژە بە باسی بەکردەوەکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی _ نەخشی ڕاستەقینەی پێکهاتەکانی پەیوەندی دەوڵەتی نەتەوەیی چن _ بە بێ لە بەرچاوگرتنی چۆنیەتی دامەزراندن و چوارچێوەکەی دەوڵەتێکی نەتەوەیی . بە قسەیەکی دیکە دە تەکنیکی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی ئەو دەوڵەتە مۆدێرنە نەتەوەیی یەدا ،کە خۆی خاوەن نێوێکی ناسیۆنالیزمی یە ، بدۆزرێتەوە. لە ڕێگای ئەوتۆ تەکنیکێکەوە بۆ پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا دەتوانرێ ڕواڵەتی ئەو یەکدەست وهاوبەشی کردنانەی لە مەڕ فەرهەنگی نەتەوەیی دابمەزرێ ، بسەلمێندرێ ، و هەر هەمووشی بە پێی پێویست نوێ بکرێنەوە . دە Nasionalism and Social Communication دا دۆچ چاوی بە توێژینەوەیەکی پێشوو لە مەڕ ئەو چەمکە دەکەوێ و ژێرنووسی دەکا وەک وێکچووی دەگەڵ بیر وبۆچوونەکانی خۆی و لە باری کۆمەڵناسییەوە لە سەر هێندێکیان ،دەبینێ کە دەکرێ وەک بنەمایەک بۆ ئەو تێئۆرییەی کە خۆی هێناویەتەگۆڕێ هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکرێ ، جا ئەوەیە کە دۆچ پێشنیارەکانی خۆی دێنێتە گۆڕێ ، دەیانناسێنێ لەوانە تێئۆری بنەما بۆ ئەوپەیوەندی بەکەلکانەی کۆمەڵگا بۆ دەوڵەتی نەتەوەیی .جێوازی نێوان کۆمەڵگا و کۆڕ(دەستە ) دیاری دەکا کە لە مانای پردەبازی حەیاتی نێوان ئەو جووتە تێبگەین . زۆرجاران دۆچ ئەودووبۆچوونەی Ferdinand Tönnies ی واتە Geneinschaft och Gesellschaft کە لە سەر چۆنیەتی کۆمەڵگا و کۆمەڵناسی بوون ،وەبیر دێنایەوە و دەیگووت :ئەو فۆڕمە کۆنەی کۆمەڵگا دەگەڵ بۆچوونی Demeninschaft وئەو دەستە وکۆڕە فەرهەنگی هاوبەشییانەی کۆمەڵگای مۆدێرنی کە بە پێی هێزی تەکنیکی پێکهاتوون دەگەڵ بۆچوونی Gesellschaft زۆر وێکچوونییان هەیە . جێوازییەکەش ئەوەیە کە بە پێی لێکدانەوەی Tönnies دە ساڵی ١٨٨٧دا لە دەرفەتێکدا کە هێشتا دەوڵەتی‌نەتەوەیی نەبووە ئەو چەمکە کە بکەوێتە بەر لێکۆڵینەوە . حەولێ Tönniesئەوە بوو کە لە سەر دەوڵەتی نەتەوەیی وەک ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی شتێک بنووسێ هاوکات کە Deutsch یش دەیەویست شتێک بنووسێ ، کە ئەرێ ئەساسەن دەوڵەتێکی نەتەوەیی ئیمکانی دامەزراندنی هەیە . ناسیۆنالیزم و پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی پاشان سرنجی Ernest Gellner وBenedict Anderson یان ڕاکێشا و بوونە هۆی گەشەکردنی نەخشی پەیوەندییەکانی کۆمەڵایەتی دە پێکهێنان و وەڕێخستنی فەرهەنگێکی نەتەوەییدا.

## هووگ ستێن واتسۆن

جۆرج هووگ نیکۆلاس سێتۆن واتسۆن لەساڵی ١٩١٦ لە بریتانیا لە دایک بووە و لە ساڵێ ١٩٨٤ کۆچی دوایی کردووە ، پرۆفسۆری مێژووی ڕووس و سەرۆکی مەدرەسەی سلاوۆنیک و ڕۆژهەڵاتی ئوروپا لە زانستگای لەندەنێ بووە دە نێوان ساڵەکانی ١٩٥١ تا ١٩٨٣ دا . بەرهەمی سێتۆن واتسۆن Nation and states دە ساڵێ ١٩٧٧ دا لە باری تێئۆرێکییەوە دەگەڵ بەرهەمی Karl W. deutsch وێچوویەکی زۆریان بووە . دە پێشوتاری کتێبەکەیدا سیاسی Anthony D. Smith وDeutsch دەکا ،بەڵام ئەو حەولی نەداوە تا شوێنی ئەوان هەڵبگرێتەوە .ناکرێش هەر وا بە هاسانی لێکۆڵینەوەکانی ئەو تێکەڵ بە لێکۆڵینەوەکانی تر بکرێن ، بەڵام یەک دوو بۆچوونی هەن دە نووسراوەی "دەوڵەتان زۆربەرلە بوونی نەتەوەکان هەبوون " دا ئاماژە بە لاپەڕەی هەووەڵ دەکا و جەخت لە سەر ئەوە دەکا کە نەتەوە ،مەشرووت بە مێژووی هاوبەشە ، کە زیاتر لە گەشەکردنی فەرهەنگی یەکدەست و هاوبەش دەدوێ تا حقووقی دەوڵەتی و بواری سیاسی .ئەو دەڵێی: "یەک نەتەوە لە یەکگرتوویی مرۆڤەکان کە ئەندامانیان دەپەیوەندییەکی بەهەستی هاودەردی دەگەڵ یەکتر، فەرهەنگی یەکگرتوو و هەستی نەتەوایەتی "دا خۆی دەنوێنێ. ئەو خۆ بە لێکۆڵینەوە لە مەڕ ناسیۆنالیزم وەک تێئۆرییەک خەریک ناکا یان حەولی وەکۆکردنەوەی بەڵگە بۆ باسی نەتەوایەتی نادا. تێئۆری بەرزەفڕانەی ئەو زیاتر لەوانە لە شەقەی باڵی دەدا .حەولی ئەوە دەدا کە سەیوانێک بە سەر تێگەییشتنی فەرهەنگی ئوروپایی دا هەڵبدا . کە بەشێکی گەورەتری ڕەوتی مێژوویی چۆنیەتی دامەزراندنی دەوڵەتە نەتەوەیییەکان لە ئاسیا و ئەفریقاش بگرێتەوە. لێرە بە زمانێکی دیکەی لە مەڕ ئەو بزووتنەوە

سەرچاوە
Serchawe

سەربەخۆییەی نەتەوایەتی و ئاسەواری ئەو لە سەر چۆنیەتی چوارچێوەی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییەوە دەدوێ . لێکۆڵینەوەکە ئەو بەشە کە دەگەڕێتەوە سەر ئاسەواری ناوەڕۆکی بزووتنەوی نەتەوایەتی لە سەر دەوڵەتەکان دە نێو نەتەوەی جۆراوجۆرکانیشدا دەگرێتەوە . سێتۆن واتسۆن ئەوەش لەبەرچاو دەگرێ کە ئەو بزووتنەوە ناسیونالیستانەی ڕۆژاوای ئوروپا ئەغڵەب شوێندانەربوون لە سەر بزووتنەوەسەربەخۆییخوازەکانی لە دەرەوەی ئوروپا ،تا بیری ناسیونالیستی کۆپی بکەن بۆ داوای بە هەرێمیکردن و حەول بە مەبەستی بۆ بە یەکدەست کردنی فەرهەنگی ئەو بزاوانە . نەتەوە و ودەوڵەت وەپێش ئەو ئاڵۆگۆڕانەی کە هۆی خولقاندنی گەرای تێئۆری دە ساڵەکانی ١٩٨٠ دا بوو، کەوت ، کە هەر ئەوەش ئیزنی بە سەرقاڵی ئەو بۆ ئەو ڕەوانگە مێژوویی یەی خۆی دەدا . ئەو توانی پاشان چەکەرەی تێئۆری لێکۆڵینەوەی لە مەڕ ناسیۆنالیزم بخولقێنێ . بەو مانایە کە ئەو دەیدیت کەبیری نەتەوایەتی هێزی هاندەرە دە قووڵایی ناخی هەموو ئینسانێکدا ، کە ڕیشەی دە سروشتی مرۆڤایەتی و میراتی کۆمەڵایەتی و لە مێژووی کشتوکاڵی هەزاران ساڵ لەمەبەری ئێمەدا هەیە.ئەو پێیوایە کەئەگەری نکۆڵی لەو میراتە ڕەوانییە ئەوەیە کەهەر وەک چۆن بەستێنی بۆ ناسەرکەوتوانەی پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی ساز دەکا بۆ تاکەکانیش ساز دەکا. زانیاری نەتەوەیی بە پێی تێڕوانینی ئەو بوونی باشە بۆیە دژایەتی دەگەڵ پاراستنی هێندێک شتی فەناتیکی دە قالبی نازیسم و دیکتاتۆری کەلە سۆویەتدا هەیە دەکا . نکۆڵی لە زانیاری نەتەوایەتی و میراتی نەتەوەیی نەک هەر لە ناسڵامەتی سیاسی بگرە لە ناسڵامەتی ڕەوانیش دەدوێ ، هەروەها خۆی لە خۆیدا دژایەتی یەکیشە دەگەڵ شارستانییەت . .دە کۆکردنەوەی سەرجەمی باسی نەتەوە و دەوڵەت دا باسەکە دەهەرێمێکی بەربەرینی لێکۆڵینەوەدا دێ و دەچێ ، و وتووێژەکان بادراو وئاڵۆزن .سێتۆن واتسۆن زارکی هەگبەی لێکۆڵینەوەکەی لە دوایین بابەتی گرێدەدا و سەر لە نوێ وبیر دێنێتەوە کە زانیاری نەتەوایەتی نەک هەر دزێو نییە بەڵکوو بە پێچەوانە شتێکی سروستییە. مرۆڤایەتی دەبێ فێربێ هەر وەک چۆن چارەی کێشەی چینایەتی و ناعەداڵەتی کۆمەڵایەتی دە بەرنامەی نێو نەتەوەیی خۆیاندا گونجاندووە، دەبێ دەگەڵ سەرهەڵدان و خۆ نواندنی فەرهەنگی نەتەوەکانیش هەر بە بەرنامەیەکی نێو نەتەوەیی یەوە خەریکی چارە سەری بێ . ئەگینابە پێچەوانەوە هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکرێ ، مرۆڤایەتی بەرەو فەوتان و داڕزان هەنگاو دەنێ . بە پێی قسەکانی سێتۆن واتسۆن ،هیچکام لەو فاکتۆرانەی کە باسیان هاتە گۆڕێ ناتوانن لە بایخیان کەمبکرێتەوە لە ڕاست پرسگەلی ئیدۆئۆلۆژی وئەو بەرهەمەتازە کەڵەکەکراوانەی سەرخەڵوزی کوورەی کۆمەڵگای سەنعەتی .لێکۆڵینەوەی سێتۆن واتسۆن هەر دەڵێی هەموو ناسیۆنالیزمێکی وەکۆکردووە تا وەدوای نیزیکترین بەرنامەی لواوی مێژوو بکەون . هەر وەک Herder جارێک لە جاران دە سەدەکانی ١٧٠٠ دا دە دوایین ئاگادارییەکەیدا دەیگووت ، تەنیا ئەو خەڵکە کە پێی بەر حەقە دەتوانێ دەگەڵ خەڵکی خۆی وبایخەکانی سروشتی خۆی بە بێ مەترسی ودەگەڵ خەڵک ونەتەوەی دیکەش بە شێوەی ئاشتەوایەکی گونجاودا بژین .سێتۆن واتسۆن یش دەگەڵ جەوهەری ئەوباوەڕی هێدردێر بە تەواوی کۆکە.

## کارلتۆن هێ هایێز

کارڵتۆن ژۆزێف هونتلی هایێز دە ساڵی ١٨٨٢ لە نیوویۆرک لەدایکی بووە و سێی سێپتامبری ساڵی ١٩٦٤ کۆچی دوایی کردووە ودە ساڵی ١٩١٩ دا یەکێک لە مێژووناسان و ماموستا و پڕۆفسۆری ئەمریکا بووە . ئەو کاتولیک بوو و دە شەڕەکانی ناوخۆیی ئیسپانیایەدا لایەنگری لە فرانکۆ دەکرد ،ساڵی ١٩٤٢ _ ٤٥ باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە ئیسپانیایە ،ئەو دوایین حەولی خۆی دا تا ئیسپانیای ڕازی کرد کە لایەنگری لە بەرەی دژ بە موتەحیدین نەکا واتە دەگەڵ بەرەی موتتەفیقین کە بریتی بوون لە ژاپۆن، ئیتالیا ،ئاڵمان، نەکەوێ . بەرهەمی کارڵتۆن هایێز( Historical Evolution of modern Nastinalism) واتە تەکامولی مێژوویی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن کە دە ساڵی ١٩٣١دا دراوەتە دەرێ .ئەو وەک هەووەڵین مێژووناسی بواری ناسیۆنالیزمە کە حیسابی بۆ کراوە ، و وەک پێشەنگێک کە بە ڕوونی زنەی ناسیۆنالیزمی وەک بەرهەمێکی ڕووناکبیرانەی سەدەی ١٧٠٠ ڕۆشەنگەری کە لە لایەن تاقمێک بیرمەندانی وڵاتە ڕۆژاوایی یەکانەوە بە دیاری بۆ ئەو دەوڵەتە تازە دامەزراوانەی نەتەوەیی لادەر وەک پشتیوانی توند وتیژی شۆوینیزم و _ دە ئەوپەڕی خۆیدا فاشیزم هێنرابوو .ئەو لێکۆڵینەوەی مێژوویی هایێز بە مەبەستی سەرزرینگانەوە و وشیارکەرەوەیەک دەبابەتی (تەکامولی مێژوویی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن ) دا بە دژایەتی ئەو تەندێنسە مەنفییە نووسێوێتی ،ویستوویە لێکدانەوەیەکی بەرینتر و زیاتر پلورالی ( چەندلایەنە )لە بیری نەتەوەیی وەک چەمکێک بداتە دەستەوە . هایێنز لێرە بازدێک بە سەر دونیای کۆندا دەدا ،ولەوێ گوند ، خزم وبیری عەشایری بە سەر مرۆڤەکاندا دابەشکراوە بە"ئێمە"و" ئەوان"و ئیدۆئۆلۆژیی یەکی کۆمەڵگا کەدە لێکۆڵینەوەکەی هایێنز دا وەک پێناسەی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن خۆی دەبینێتەوە. پاشان درێژەی سەدەی ناوەڕاست و مەسیحییەت و بە جیهانی کردنی سیاسەتی کلیساکانی کاتولیک وەک نموومەیەک بۆ کۆمەڵگا دێنێتە ژێر توێژینەوە. سەدەی ١٥٠٠ وەک دەرفەتێکی بە سیاسی کردنی پڕۆتستانیزم وسەرەتای خۆ ڕزگارکردن لە کۆمەڵگای فێئۆداڵی بەرەو دەوڵەتی نەتەوایەتی دادەنرێ. دە ناوەڕاستی ساڵەکانی ١٧٠٠هایێز بەچاخی سەرهەڵدانی فەلسەفەی ناسیۆنالیزم دەناسێنێ ، کە هەووەڵین هێمای دابینکراوی خەڵکسالاری دە کۆمەڵگا دا هەستی پێدەکرا. هایێنز باسی بەرنامەیەک بۆ ڕوونکردنەوە کە بەشێکی بەر لە ویستی بە جیهانیکردنی مرۆڤەکان و توێژینەوەی لە مەڕ کۆمەڵگا . وبەشێکی دیکەی جوێکردنەوەی بیرو باوەڕگەلی فەرهەنگی نەتەوەیی دەگرێتەوە . ئەوەش پێش لە هەموو شت پێویستی بە چیکڵدانە ، مرۆڤدۆستی ، ناسیۆنالیزم هەیە کە بۆڕادەی بەربەرینییان ، هایێز ئاماژە بە Bolingbroke ئینگلیسی و Rousseau فەڕانسەوی وHerder ،ی ئاڵمانی دەکا . ئەو چەشنە ناسیۆنالیزمە سەرەتایی یە لایەنگری زۆری لە نێوان یەعقوبییەکان و لیبراڵە سوونەتییەکان وهەر توێژ و پلەیەکی خۆگونجێنەری دی بوو هەرکام بە پێی کەسایەتی بیر وبۆچوونیان نوێنەرایەتی بەشێکیان دەکرد .ڕەوتەکە نیشاندەری پێشەوەچوونێکە دە بواری ئەو بیری نەتەوەیی یە دا کە تا ڕادەیەک هەموو بە پێی بۆچوونی خۆیان کاردانەوەیان بوو.بەڵام هایێز حەول بۆ وەیکە بڵێ مێژوو هەنگاوی بەرەو باشبوون دەنێ دەدا. ناسیۆنالیزمی ئەو دوایی یانە ، کەوەشەنداوە دە سروشتی خۆیدا خۆیی پارێزی گرژە ، دەمارگرژ و دژ بە بێگانەیە . ئەوە کاتێکە کە خۆی هایێز ماوە و بە شێوەیەکی گشتی بە وەرچەرخانێک بەرەو کۆمەڵگایەکی سەرەڕۆیی یانە کە لە سەردەمی بەر لە چاخی ڕۆشەنگەریی وڕۆژانی بەرلە شۆڕش کە حاکم بوو لێکیدەداتەوە. ئەو دەو دەوڵەتە دیکتاتۆرانەی ئێستاش کەم تا کورتێک ئەو خۆگیفکردنە بە نێوی مەسبەتگەرایی و ماتریالیزمی سەدەی ١٨٠٠ دەبینێ، و دە ناسیۆنالیزمی ئینسانی یشدا بیر وبۆچوونی بەرهەڵستکاری وبەرچاوتەنگی و بێ چیکڵدانەیی . ڵێکۆڵینەوەی هایێز هیوادارێکی پێوەدیارە کە بەشکەم کۆمەڵگای ئەمریکا بەرپرسیارەتی ناسیۆنالیزمی خۆیی پارێز وەک موشکیلێکی ناوخۆیی وەستۆ بگرێ.بنەمای کتێبی ئەو کۆی ئەو قسە و وتووێژانەیە کە لە موئەسیسەی جیهانی لە ماساچوسێت و ئەوسمینارانەن کەدەگەڵ خوێندکارەکانی زانستگای کلۆمبیا کردوونی وڕێبازی دابینکردنی بابەتەکە شیدەکاتەوە . تێڕوانینی هایێز لە سەر ئەو ڕووناکبیرانەی مامناوەندی کۆمەڵگا کە نوێنەرایەتی بیری نەتەوەیی لە ئوروپا دا دەکەن ، وەک دەسکەوتێک کە ئەو دەیەویست ئاسەواری بە سەر چۆنیەتی کۆمەلگاوە ڕوو بە ڕێبازێکی دیکە وەدی بێ .ئەگەر بیری نەتەوەیی بە درێژایی ئەو سەتساڵانە لە سەرهەڵدانبوایە ،جێی خۆی بوو کە هێزێکی دژبەریش بیتوانیبا دە دوا ڕۆژدا سەرهەڵبدا.ناسیۆنالیزم سروشتیتر لە ئیمپریالیزم یان بیری ڕیشەیی نییە . هەرلەبەر وەشە کە پرسیاری لە مەڕ چاکی و ناچاکی ناسیۆنالیزم بۆ هایێز پرسیارێکە وێژدانی دە نێو دەستەڵاتدارانداو دەرێژی ئەو پرسیارەش پێویستی بەزانیاری و ڕوونکردنەوە هەیە . ساڵی ١٩٢٦ ئەو کتێبی Essays on Nationalism ی وەک لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت و جێواز لە مەڕ شکڵی میلیتانتی ناسیۆنالیزم کە دە پەیوەندی دەگەڵ شەڕی هەووەڵی جیهانیدا خۆی دەنواند بڵاوکردەوە .

سەرچاوە: لە ویکیپیدیا، ئینسایکڵۆپیدیای ئازاد

# باشوور و باکوور ... ڕێگایەک بۆ یەکبوون

محەممەد ئەمین پێنجوێنی



بەهاری عەرەبی ئەگەر خۆمان بەدوور بگرین و وایدابنێین کەئەو باهۆزو گۆڕانکاریانەی بەهاری عەرەبی پەیوەندی بەئێمەوە نییە وەخۆمانی لێ بەدوور بگرین وە وامەزندە بکەین کاریگەری ناکاتە سەرمان ئەمە خۆگێلکردنە لەو وەرچەرخانە مێژووییە کەڕوویداوەو بەردەوامە لەروودان وەئەگەر بەچاویلکەی توێژەرێکی تونسی یان میسری بیخوێنینەوە ئەوەش خۆچەواشە کردنە یان دەخوازین خەڵقی پێبخڵەتێنین هەرچەندە بەباوەڕی من ئەم تسۆنامیە هەتا ئێستا لەقازانجی ئیسلامی سیاسی و رەوتە توندڕەوەکانیدایە بەتایبەتی ئیخوانەکان و سەلەفیەکان و مەزهەبی سوونە وەک چۆن رەوتی توندڕەوی شیعە مەزهەب تێکەڵاوی بەرخودان و شۆڕشی گەلانی ئێران بوون و دوایش دەستی بەسەردا گرت ئاواش لەهەندێک وڵاتی عەرەبی سونە مەزهەب بۆ چەند ساڵێک بەئاژاوەو تێکهەڵپرژان حوکم بەڕێوە دەبەن جالەبەر ئەوەی ناتوانن هەموو پێویستیەکانی میلەت جێبەجێبکەن لەئازادی و نان و نەهێشتنی بێکاری و گەندەڵی لەخاڵێکدا چەق دەبەستن و ئەوسا میللەت و ئەو گەنجانەی بەئومێدی ئازادی و نانەوە هاتنە سەرجادەو گیانی خۆیان بەخت کرد لێیاوە وەردەگەڕێن و ڕێڕەوی شەمەندەفەرەکەیان پێدەگۆڕن

## باشوورو باکوور

ئایا باشوور و باکوور جەمسەرن؟ بۆچیێیەمەی کورد لەباشووری کوردستان هەرکات و هەردەم سکاڵای خۆمان دەکەین و دەڵێین نەوت (پترۆل) بۆ هەموو میللەتان بۆتە نیعمەت بەڵام بۆ کورد بۆتە نەگبەتی و ماڵوێرانی، ئایا ئەم پرۆسەیە هەروا دەوام ئەکات، یان ئەمجارەیان نەوت دەبێتە فریادڕەسێک و رزگارمان دەکات، ئەمەش پێویستی بەلێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی قووڵ هەیە، بەڵێ ئەزموونی باشووری کوردستان بەرەو گەشەکردن و پێشکەوتن دەچێت لەکەف و کوڵی هەڵچوون و داچوونی بینیاتنان و ئاوەدانی و دارِشتنی بەنەتەوەبوون و بەدەوڵەتبووندایە، هەرچەندە بەدەوڵەتبوون لەباشووری کوردستان کایەیەکی گرنگ و وەرچەرخانێکی مێژووییە لەهەلومەرجێکی هەستیار و ئاڵۆزی ناوچەکەو جیهاندا خەریکە دێتە ووجوود، بەڵام ئەم گرەوە (بیری ووردیشی دەوێت هەر بەوەعد و بەڵێن ناکرێت) گۆشکردنی هۆش و زهنیەتی خەڵک بەباوەڕهێنان بەسەربەخۆیی (ئیستیقلال) یەکەم هەنگاو پێویستی بەیەکخستنی ماڵی کورد و فیکری کوردو ئامادەبوون بۆ هەر ئەگەرێک هەیە، ئامادەکاری مالی خۆراکی بەرگری وەبەدەستهێنانی سۆزی زلهێزەکان وەخۆسازان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان (دەوڵەتی ئیقلیمی) ئەمانە ئەو مەرجە بنەڕەتیانەن کە باشوور بەرەو ئەوە دەبات کەبێتە جەمسەرێکی گرنگ و کاریگەر بۆ دوارِۆژی کورد، بەڵێ ئەو هەموو رووداوو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی باشوور لەماوەیەکی زەمەنی کەمدا کەلەبارەی ئابووری و ئاوەدانی و فەرهەنگی و بەرەو پێشچوونی هزری نەتەوەییەوە لەباشوور هاتە دی هەموو



ئەمانە نیشانەی بەجەمسەربوونی ئەم بەشەی کوردستانە، کەئەتوانرا لەمە باشتریش بکرایە، ئەگەر ئەو هەموو شتە بێماناو بێ ئاکام و ماڵوێرانیە روویان نەدایە کەلەشەڕی خۆکوژیدا بۆ ماوەی دە دوانزە ساڵی خایاند، بەراستی ئەمە خاڵێکی نەگەتیف و برینێکی بەسۆیە لەمێژووی نوێی گەلەکەماندا، خۆ ئەگەر ئەمانە روویان نەدایە بەجەمسەربوونی باشوور شۆڕدەبوەوە بۆ ناو بەشەکانی تری کوردستان و پتەوتر و تۆکمەترو پرشنگدارتر دەبوو. مخابن، قەد نکولی لەوە ناکرێت کەباشوور خاڵێکی گرنگە لەستراتیژی ئەمەریکاو ئەوروپادا بەڵام بەوشێوەو شکڵەی خۆیان دەیاندەوێ، وەبەرژەوەندییان دەپارێزێت، سوتفەیەکی دیرۆکی بوو کەبەرژەوەندی زلهێزەکان و کورد یەکیگرت لەرووخانی دیکتاتۆردا، وە ئەم رەوشە ئازادییەی بۆ باشوور فەراهەمهێنا، کەبەداخەوە هەتا ئێستا نەمانتوانیووە وەکو پێویست سوودی لێوەربگرین.ئەمە مانای ئەوە نییە کەشۆڕشی مەلیک مەحموود و دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کوردو شۆڕشەکانی بەرزان و شۆڕشی ئەیلوول و هەتا دەگاتە کیمیاویباران و هەڵەبجەو ئەنفال و کۆڕەو فەرامۆشبکرێت، ئەوبەرخودان و قوربانیدانە خوێناوییە ئەو مقاومەتە سەرسەختەی خەڵکی باشوور بەردی بناغەی جەمسەربوونیدانە. بەڵێ باشوور جێگەوپێگەیەکی ستراتجی و گرنگی هەیە، لەنەخشەی رۆژهەڵاتی ناوین و کەبەتەمایە ئاڵوگۆڕی تیابکرێت، باشوور خاڵێکە .

جیۆپۆلێتیک و جوگرافیاو جیۆئۆکۆنۆمی کوردستانی باشوور خۆی فەرزکردووە دەبێت لەمنەخشە نوێیەدا جێگەی خۆی تیابکاتەوە، وەدەستنیشان بکرێت وەک کوردستان نەک باکووری عیراق.

باشوور وڵاتێکی پڕخێرو فرە سەر زەوی ئاوو و چیاو دەشت و گەرمیان و کوێستانە ئەگەر بەشێوەیەکی زانستی وەبەباشی بەکاربهێنرێت ئەتوانرێت بکرێتە سەبەتەی خۆراکی ناوچەکە، بێگومان بۆ لایەنی گەشت و گوزاری ئەتوانین بیکەینە بوکی رۆژهەڵات، ئیتر بۆ گەشتیاری پێویستمان بەلوبنان و هەندێک وڵاتانی ئەوروپاش نەبێت، (هیوادارم ئەم قسەیەم زیادەڕەوی نەبێت) بێگومان ئەمەش ئەقڵ و عیلم و سنعاتی دەوێت، هەربەقسە نابێت.


هەرچی ژێرزەوی باشووریشە پڕە لەنەوت و گازو ئەگەر بڵێی باشوور لەسەر دەریاچەیەکی پترۆڵە باوەڕیکەن، لەوانەیە گازی هێندەی سیبریا هەبێت یان لەو هەندێک کەمتربێت، ئەمە جگە کانزای عەجیب و غەریب وەکو زێرِوزیوو مس و ئاسن، یۆرانیۆم، فۆسفات، کریستاڵ، وەسەدان شتی تریش، ئەمانەیە کەئەوخاڵە دروست دەکات لەدارِشتنەوەی نەخشەی نوێدا کوردستان جێگەی خۆی بکاتەوە، بەمەرجێک عەقڵی سیاسی کورد بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هەل و مەرجە نوێیەی جیهان و ناوچەکەدا دەکات، ئەمانە و گەلێ هۆکاری تر کەئێرە جێگەی باسی نییە باشوور دەکاتە جەمسەرێکی نوێ.

باکووری کوردستان یان کوردستانی مەرکەزی، ئەگەر خەڵکی باشوور شانازی بەشۆڕشی شێخ مەحموودی نەمرو عەمارەتەکانی بابان و سۆران و بادینانەوە بکەن باکوریش هەقیانە شانازی بەدێرۆکی ئەمارەتی بەدرخانیەکان و شۆرشی شێخ سەعیدی پیران و سەید رەزاو ئیحسان نوری پاشا و شێخی نەهریەوە بکەن وەگیانی نەتەوەپەرستی و وڵاتپارێزی و شۆڕشگێڕی خۆیانی پێ جۆشبدەن، مێژووی خەباتی سەرسەختانەی باکوور بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی کورد ئەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی سەدەیەک لەمەوپێش، بێووچان تێکۆشاون بۆ رزگاری نیشتمان و داوای مافی قەومی کورد لەکوردستانی مەرکەزی لەم جەمسەرەشدا زنجیرەیەک راپەڕین و سەرهەڵدان و شۆڕشی یەک لەدوای یەکی میللەتی کورد بەردەوام بووە کەنزیکەی (٢٥) راپەڕین بەرپابووە هەتا دەگاتە شۆڕشی نوێ و مۆدێرنی پارتی کرێکارانی کوردستان، کەشۆڕشی پارتی کرێکارانی کوردستان (٢٠ تا ٢٥) ملیۆن کوردی لەو گۆڕە بەدناوە دەرهێنا کەمستەفا کەمال پێی لەسەر گۆڕێک ناو وتی: (ئەمە گۆڕی کوردە و ئیتر زیندوو نابێتەوە) بەڵێ هەرئەم کوردە لەگۆڕدەرهاتووانەیە کەدەوڵەتە یەکلەدوای یەکەکانی تورکیایان هەراسان کردووەو ناوەبەناوەش گورزی جەرگبڕی لێدەوەشێنن، کەهەر ئەم کوردانەن کەرۆژانە لە شارەکانی باکوور و لەناو تورکیادا بەدەیان هەزاران دێنە سەرجادە و بەشێوەیەکی مەدەنی و ژیاری داوای مافی رەوای خۆیان دەکەن، لەناو بینای پەرلەمان و لەژێر سەقفی پەرلەماندا بەدلێرانە و بوێرانە داوای ئازادی کوردستان دەکەن، هەر ئەمانەش کەمەسەلەو دۆزی کوردیان هێنایە سەر مێزی ئەوروپا، بەهۆی ئەو رەوەندە گەورەیەوە کەهەیانە لەوڵاتەکانی ئەوروپادا ساڵانە چەندەها ڤیستیڤاڵ و مەش و رێپێوانی گەورە گەورە دەکەن کەدەها هەزاران کوردستانی بەژداری تیادەکات، لەیەکێک لەشارە گەورەکانی ئەوروپادا یان لە پایتەختێکی ئەوروپادا هەزاران کەس بەیەک دەنگ داوای ئازادی کوردستان دەکات (فرای کوردستان) بێگومان ئەوروپایەکانیش میدیاو خەڵکە بەویژدانەکانی حساب بۆ ئەو هەزاران کەسە دەکەن کەدێنە سەرجادە، من جارێک گوێداری قسەیەکی هێڵمۆتکۆڵ راوێژکاری ئەڵمانیا بووم کەلە پەرلەمانی فیدراڵی



وتاری ئەدا، (وتی من سەرسامم لە پەکەکە کەحزبێکی یاساغە بەگوێرەی قانونی ئەڵمانیا بەڵام لە پڕ لەستادیۆمێکی وڵاتەکەماندا ڤیستیڤاڵێک رێکدەخات سەد سەدو پەنجا هەزار کورد کۆدەکاتەوە وەلە پاش بەئەنجامگەیاندنی کارەکەیدا لە پڕ بڵاوەی لێدەکەن، وە وتی نازانم دەزگا ئەمنیەکانمان لەکوێن) (وەشەهدە شاهیدون من ئەڵمانیا) ئەمانە ئەولادی کە پەکەکە لەگۆڕدەری هێناون.باکوور گەورەترین مەساحەی جوگرافیای کوردستانە، (٢٠ تا ٢٥) ملیۆن مرۆڤ نوفوسیەتی، شۆرشێکی چەکدارو مۆدێرنی مەدەنی ٢٠ ساڵەی درێژخایەنی هەیە، ئەم جەمسەرە لکێنراوە بەتورکیاوە، تورکیاش ئەندامی ناتۆیە، چوارەم سوپای زەمینی هەیە لەسوپادا تاقەجێگە پێی ئەمریکایە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، خاوەنی بنکەی (قاعیدەی ئەنجەرلیکە) کەئەمریکا لەم بنکەیەوە نەخشەی سیاسەتەکانی لەناوچەکەدا ئەکێشێت هەر ئەمەش وایکرد لەسیاو مۆساد هاوکاری میتی تورکی بکەن بۆ گرتنی بەرێز ئۆجەلان و تەسلیمی تورکیای بکەن، ئەگەر باشوور بۆ جەمسەربوونی خۆی شانازی بەکەرکوک و زێی بادینان و سۆران و سیروانەوە بکات باکووریش دیجلەو فورات و نەوتی (باتمان)یان هەیە، باکوور ئێستا بووەتە سەبەتەی نانی تورکیا، پرۆژەی (گاپ) ١٢٠ بەنداوی گەورەو بچووک لەخۆ دەگرێت بەشی هەرەزۆری لەکوردستانی مەرکەزی تەواو کراون و دەکرێت، واتە ئەتوانن بەئاوی شیرین رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاوبدەن، جارێک (تۆرکۆت ئۆزال) ئەوکاتەی کەسەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیابوو لە پەرلەمانی تورکیا وتی: (عەرەبەکان نایانەوێت نەوتمان پێبفرۆشن، بەڵام دەبێت ئەوە بزانن کەرۆژێک دێت بەرمیلێک نەوتمان بدەنێ بەبەرمیلێک ئاوی شیرین) ئەو ئاوانە لەچیاکانی کوردستانی باکوورەوە هەڵدەقوڵێت زۆربەی کانیاو سەرچاوەکانی زنجیرەچیای جودی و زاگرۆزە کەبێشکەو جێگەی بەدیهاتن و وجوودی کوردە.تورکیا هەتا ئێستا وڵاتێکی عەلمانییە، بەگوێرەی دەستوور، هەرچەندە لەدەستوورەکەیاندا کەخۆیان (ئەنە یاسا)ی پێدەڵێن کوربوون قەدەغەیە زمانی کوردی و ناوی کوردستان یاساغە، بەڵام لەیاساکانیاندا هەندێک کون و قوژبن هەیە کەکوردەکان ئەتوانن یاری سیاسی تیابکەن ئەوەتا ٣٥ ئەندام پەرلەمانی (ب.د.پ) لە پەرلەمان خەبات بۆ مافی کورد دەکەن، لەلایەکی ترەوە تورکیا دەیەوێت بچێتە ناو یەکێتی ئەوروپاوە بێتە ئەندامێکی کارا لەو یەکێتییەدا خۆئەگەر ئەم کارەی بۆ ئەنجامبدرێت ٢٠ ملیۆن کورد دەبنە هاوڵاتی ئەوروپا، ئەوکاتەی ئێمە ساڵانی١٩٩٤ و ١٩٩٨ کە پەرلەمانی دەرەوەی وڵاتمان هەبوو لەئەوروپا زۆر سەرسەختانە دژی ئەوەبووین کەتورکیا وەربگیرێت لەیەکێتی ئەوروپادا، بەڵام دوای دووساڵ دیراسەیەکی قوڵمان کرد کەئەگەر تورکیا بچێتە یەکێتی ئەوروپاوە کورد قازانج

دەکات وەتورکیاش مەجبوورە کە پرەنسیپەکانی کۆبنهاگن جێبەجێ بکات و کەیەکێک لەخاڵەکانیدا دان بەیەکسانی مافی هەموو نەتەوەو ئاین و مەزهەبێکدا دەنێ و داوا دەکات هەرکەس بەزمانی دایکی بنوسێت و بخوێنێت وەخاڵێکی تری ئەو پرەنسیپانە دیموکراتیزەکردنی وڵات و ئازادی تاک و بیروڕامان هەیە، وەسنووری ئەوروپا دێتە زاخۆو قامیشل و ماکۆ هەرچەندە هەتا ئێستا کۆسپ و تەگەرە زۆرە بەتایبەت لەلایەن پیانەی کرستیانی (النادی مسیحی) جگە لەمەش رایەکی تر هەیە لەناو یەکێتی ئەوروپادا ئەڵێن هەندێک ناوچەی تورکیا ئامادەنین ببن بەهاوڵاتی ئەوروپایی ئەمەش شانسێکی ترە بۆ کورد کەداوای کۆنفیدرالی بکات لەباکوور، بەڵێ باکووری کوردستان کوردستانی مەرکەزییەو هەرگۆڕانکارێکی پۆزەتیف لەم پارچەیە بێتە وجوود باندۆرێکی گرنگ و باش دەکاتە سەر بەشەکانی تری کوردستان و کوردانی هەندەران و دیاسپۆرە، ئەم دوو جەمسەرە کەدوو جەمسەری بنگەیی و بناغەی بزاڤی ئازادیخوازی گەلی کوردستانە و هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستان چاویان تێبڕیوەو بەهیواو قیبلەی خۆیانی دەزانن، وە ئەرکە مێژووی و نەتەوەکانیان وایانلێدەکات کەلەیەک نزیک ببنەوەو لەسەر خالچە هاوبەشەکان کەخزمەت بەشۆڕشی گەلی کوردستان دەکات پێگبێنن و بەرنامەی هەمئاهەنگی و چالاکی مەدەنی و سیاسی دیبلۆماسی ئاشکراو نهێنی بەڕێوەببەن، ئەگەر زۆر زەق و دیاریش نەبێت وەئەمەش ئەزعەف ولئیمانە.





راستە ئەم دووجەمسەرە هەریەکەیان پەیوەندی ئاشکراو نهێنی خۆیان هەیە بەدەوڵەتانی ئیقلیمی و زلهێزەکانەوە وەئەیانەوێت ئەم پەیوەندیانە بپارێزن وەپەرەی پێبدەن، وەخزمەتی ئەجندەی خۆیانی پێبکەن، گلەیی و گازندە لەمە نییە بەمەرجێک لەسەر حسابی جەمسەرەکەی دی نەبێت وەلەچوارچێوەی حورمەتی ئەخلاقی نەتەوەیی و نیشتمانی نەچێتە دەرەوە من ناڵێم ئەم دوو جەمسەرە بەیەکەوە گرێبدرێت وەیان قوڵف و بەست بکرێت، چونکە ئەمە لەم قۆناغەدا مومکین نییە، بەڵام ئەتوانرێت لەمە زیاتر گوێ بۆ داگیرکەران شل نەکرێت و بەئاوازی ئەوان نەکەوینە سەما، خۆ دەکرێت جەمسەرەکان بگەیەنینە یەک (ئەگەر بەچەسپیش بێت) لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆدا تاڕادەیەک بیان لکێنین بەیەکەوە،.

راستە جەمسەری باشوور لەقۆناغی بەدەوڵەتبوون و بنیاتنانی گەشەی ئابووری و کلتووری مەدەنیدایە دامودەزگای تەشریعی و تەنفیزی و قانونی و خزمەتگوزاری لەکاردایە سەرەڕای هەموو سەرپێچی و

زیادەڕەوی و گەندەڵییەک ڕێگەی بەدەوڵەتبوون و بەرەوسەرخۆبوون (ئیستیقلال) گیراوەتە بەر وەدەوڵەتانی دنیا ئەوانەی کەمەرکەزی قەرارن ئەوانەشی کە پاشکۆی ئەوانن هەتا دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش بۆ هاوسەنگی و پاراستنی بەرژەوەندیە ساسیی وئابوریەکانی خۆیان بەناچاری قبوڵی ئەم ڕەوشە نوێیەیان کردووە، ئەو هەموو کونسلگەریانەی کەلەباشوور کراونەتەوە ئەو هەموو پاشکۆ کونسڵیە ئابوریانە ئەو هەموو کۆمپانیا زەبەلاحانە لەئەکسن مۆبێلەوە بیگرە هەتا دەگاتە کۆمپانیاکانی ئێران و تورکیا لەباشوور خەریکی کارن نەوت و گازو زێڕی ژێرزەوی دەرئەهێنن دەفرۆشن کەخوێن و هەناسەی خەڵکی کوردستانە، جگە لەدوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی کەڕێگەی ئاسمانی بۆ واڵاکردوین ئەمانە کەرەستەو مقاوەماتی بەدەوڵەتبوونە ئەگەر عەقڵی سیاسی کورد بزانێ بەزیرەکانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم قۆناغە هەستیارو ئاڵۆزەدا بکات بەڵام مەخابن زۆربەی هەرە زۆری ئەم کۆمپانیانە هی دوو دەوڵەتی داگیرکەری کوردستانن کەقەد چاویان بەبوونی دەوڵەتی کوردیدا هەڵنایەت وەهەتا بتوانن کۆسپ و لەمپەڕی بۆ دروست دەکەن.

من نازانم ئەمە پرۆژەکەی تۆرکۆت ئۆزالی ڕەحمەتیە زیندوو دەکرێتەوە یان ئەم پرۆژەیە زیندوو بووەتەوەو ئێمە ئاگامان لێی نییە، پرۆژەکەی ئۆزال بەکورتی بەمجۆرەبوو (ویلایەتی موسڵ هەتا دەگاتە کەرکوک و خانەقین واتە خەتی نەوت بلکێنرێت بەتورکیاوە هەندێک ناوچەی (نائی) باکوری بخرێتە سەرو بەناوی فیدراڵی کوردەوە لەگەڵ تورکیا بێتە دروستکردن) لەم پرۆژەیەدا هەرباسی جوگرافیاو ئەرزکراوە وەباسی مافی قەومی یان دیرۆکی و کلتووری کوردو کوردستان فەرامۆشکراوە ئامانجی ئۆزال لەم پرۆژەیە وەکو خۆی لەیەکێک لەوتارەکانیدا لە پەرلەمان دەڵێت بەنەوتی باکووری عیراق تورکیا ئوکەین بەبەهەشت بێکاری و هەژاری تیا بنەبڕەکەین بۆئەمەش ئەمریکایەکان ئامۆژگاری دەکەن کەڕەزامەندی شای سعودیەی ئەوسا مەلیک فەهد وەرگرێت وەرێگیری لێنەکات لەوەڵامدا شافەهد دەڵێت: ڕێگە نادەم دووپارچە لەنیشتمانی عەرەبی بقرتێنن و بیبەن بۆ خۆتان ئەم وتەیە بەتۆرکۆت ئۆزال دەڵێ (واتە پارچەی سوریاو عیراق) جەمسەری باکوور لەشۆڕش و بەرخودانێکی سەرسەختانەی خوێناویدایە بەرامبەر بە سیستمێکی نیمچە عەسکەرتاریی کەلەقانونی ئەساسیاندا کوردبوون و وشەی کوردستان و زمانی کوردی قەدەغەیە، شۆڕشی باکوور هەر شۆڕشێکی چەکداری و شەڕو ئاژاوە نییە وەکو هەندێک کەس لەنەشارەزاییدا ڕەخنەی لێدەگرن بەڵکو شۆڕشێکی سیاسی و دیبلۆماسی و کلتووری و مەدەنیشە، ئەوەتا لە پەرلەمان ٣٥ کەسیان هەیە کە پەرلەمانی تورکیایان کردووەتە مینبەرێک بۆ داخوازی مافی کورد ئەو هەزارەهایانەی کەڕۆژانە لەناو شارەکانی تورکیا و باکوور و ئەوروپا دێنە سەر جادە داوای ئازادی ئاشتی و دیموکراتی دەکەن بۆ کوردو کوردستان ئەمانە هەموو کاری مەدەنیانەن حزبێک کە ٢٠ ساڵە لەشەڕدایە بتوانێت لە سەد شارەوانی بەهەڵبژاردن ٩٩ شارەوانی بباتەوە لەکوردستانی مەرکەزی ئەی ئەمە کاری ژیاری و ئاشتیانە نییە جگە لەمانە لەزۆربەی شارو شارۆچکەو گوندەکانی باکوور خوێندنگەی نهێنی و ئاشکرایان کردووەتەوە بۆ ئەوەی نەوەی نوێ فێری خوێندن و نوسینی زمانی کوردی بکەن.بەنیسبەت کاری سیاسی و دیبلۆماسیەوە پێکهێنانی پەرلەمانی دەرەوەی وڵات لەتاراوگە وەکۆنگرەی نەتەوەیی لەئەوروپا وەک ئەدرەسێکی سیاسی و دیبلۆماسی وان بۆ کورد وەدامەزراندنی سێ تەلەفزیۆنی سەتەلایتی (تی ڤی) بەناوی تسێرک و میزۆپۆتانیاو نوچە تی ڤی-یەوە، وەدامەزراندنی سەدان کۆمەڵەی کلتوری و سیاسی لەشارو ناوەندەکانی ئەوروپا وەکردنەوەی ئەنیستوتی کوردی لەبەرلین وەئەکادیمیای هونەری کوردی لە بۆن بەسەدان گۆڤار و ڕۆژنامە بەزمانی کوردی و بیانی کەئەمانە خۆی لەخۆیدا شۆڕشی فەرهەنگین و سامانی نەتەوەییمان دەپارێزێت پێویستە ئەوە بڵێین لێرەدا کەدامەزراندنی یەکەم تی ڤی و سەتەلایتی کوردی شۆڕشێکی میدیای و کلتوری بوو لەعەقڵ و زیهنی کوردا لەئەنجامی ئەم چالاکیانەدا نزیکەی ١٢ تا ١٣ هەزار چالاکوان کەبەسەدان ژنیان تیایە لە حەپسخانەکانی تورکیای سیخناخ کردووە کەلەناویاندا سەرۆک شارەوانی هەڵبژێردراو و ئەندامی پەرلەمانی تیایە لەسەروی هەموویانەوە بەرێز ئۆجەلان کەبەزیندانی هەتاهەتایی مەحکومکراوەو وەبەهەزاران ئەندامی پەکەکە کەحکومی ١٥ تا ٣٠ ساڵ حوکمدراون لاتان سەیر نەبێت کەلەم زیندانیانەدا کەسانی وایان تیایە بە ١٥٠ تا ٢٠٠ ساڵ حوکمدراون ئایا ئەمانە فەرز ناکات لەسەر عەقڵی سیاسی ئەم دوو جەمسەرە کەبەهۆشی خۆیاندا بچنەوەو مەسەلە بنگەهی و نەتەوەییەکان بەهەند وەربگرن وەبەگوێرەی پێویست کاری بۆ بکەن بەباوەڕی ئێمە ئەو دەمە هاتووە بۆ نزیکبوونەوەو لکاندنی ئەم دوو جەمسەرە بەیەکەوە بۆ هەنگاوی یەکەمیش گرێدانی کۆنگرەیەکی نەتەوەییە کەهەر پارچەو هێزێکی کوردستانی بەقەدەر حەجم و کەپاسیتەی هێزی قورسایی خۆی وەنفوزی سیاسی پارچەکەی لەکەش و هەوایەکی ئازاد و دیموکراتیدا جێگەو ڕێگەی خۆی بگرێ و وتاری خۆی بدات ئەمەش بەهەنگاوێکی سەرەتایی دائەنرێت بۆ نزیکبوونەوەی جەمسەرەکان .بەنیسبەت پێگدادان و ململانێوە لەوباوەڕدا نیم کەشەڕو کوشتارو ململانێی تیژ جارێکی تر لەبەینی ئەم دوو جەمسەرەدا ڕووبدات (چونکە ئەوەی خواو میللەت پێی ناخۆشبوو داگیرکەران پێیان کردین و کردیان بۆ لەناوبردن و لەباربردنی شۆڕشی کورد و ئەم دەستکەوتەی کەلەباشوور بەدیهاتووە وەبۆ ڕێگرتن لەبەرەو سەرەخۆیبوون فیتی شەڕی ناوخۆییان یان شەڕی کورد بەکورد بەکوژدانیان هەڵگیرساند کەئاواتی ئەو دوو دەوڵەتە داگیرکەرەیە (ئێران و تورکیا) کەدەستی باڵایان هەبوو لە شەڕی ناوخۆی باشوور و شەڕی باکوور و باشووردا دەزگا هەواڵگریەکانیان ڕۆڵێکی چالاک و نەگریسیان بینی لەناشرینکردن و سوککردنی پیرۆزییەکانی شۆڕش و لیدەرو سەرکردەکانی هێزە سیاسیەکانی کوردا کەبەداخەوە هەندێک لەو سەرکردە سیاسیانە بوونە حەتحەتۆکەی داگیرکەران کەئەوەش بووە هۆی ناشرینکردن و ریسواکردنی شۆڕشی میللەتەکەمان من لەئەوروپا بووم کەبەناوی پەرلەمانی دەرەوەی وڵاتەوە رووماں لەهەر مەحفەرێکی سیاسی و دیبلۆماسی دەکرد ئەیانوت ئێوە میللەتێکن هێشتا تەکامولی نەتەوەیتان نەکردووە وەئامادەن نین خۆتان بەرێوەببەن ئەی ئەو هەموو شەڕو کوشتارەتان بۆچی و لە پای چی ئێمەش وەڵامان پێنەبوو بەڵام ئێستا پاش ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی لەجیهان و لەناوچەکەو لەکوردستاندا ڕوویانداوەو ڕوودەدەن زهنیەتی خەڵک و لیدەرەکانی کورد و جەماوەر و ڕۆشنبیرانیش گۆڕانکاریان بەسەرهاتووە لەلایەکی تریشەوە داگیرکەران و دوژنانیش نائومێدبوون چونکە ئەو هەموو شەڕو کوشتارەی کەدروستیان کرد ئەو ئەنجامەی پێنەبەخشین کەئەوان دەیانویست هەر لەبەر ئەوەشە کەلێکدابڕان و شەڕ و کوشتار دروست نابێت لەبەینی ئەم دوو جەمسەرەدا چونکە قۆناغەکە فەرزی کردووە کەئەم دووجەمسەرە پێویستیان بەیەک هەیە لەم سەردەمەدا هەرچەندە میتۆد و هەتا ڕادەیەکیش کلتووری دەوڵەتی داگیرکەر و میلەتی سەردەست باندۆری خۆی هەیە لەسەر هەردوولا بەڵێ ڕاستە ئسلوب و کاری سیاسی و دسپلین و ئایدیای ئەم دووجەمسەرە جیاوازی هەیە ئەمەش جگە لەو برینە قوڵانەی کەشەڕی باکور و باشوور کردویەتەجەستەی میلەتەوە بەڵام خەریکە وشیاری نەتەوەیی و سیاسی ئەم مەرگەساتە تارادەیەکی باش دادەپۆشێ و بیرۆکەی نیشتمان پەرستی و نەتەوەپەرستی و نزیکبوونەوەی هێزە سیاسیەکان و یەکتری قبوڵکردن لەگەشەو پێشکەوتندایە بۆیە ئەم دوو جەمسەرە دەبێت زۆر لەیەک نزیک ببنەوە.

سەرنج :ئەم بابەتە لە ڕۆژمانەی (ڕووداو)یش بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە : کوردستان ٢١ نێت

# مەلای خەتێ ... لەنێوان هەقیقەت و خیانەتدا


حیدر عبدالله

ئاخۆ دەبێ مەلای خەتێ کێ بێ؟

ئەم خیانەتە چیە کردوویەتی؟

بۆچی کردوویەتی؟

بەدوا داچوونی ئەم باسە مێژساڵە لەناخم دا جۆشی سەندوە بۆیە بەڵێنم دا بەدوای ئەم باسەدا بچم و بەبنج و بناوانی بگەم، ڕۆژان هاتن و ڕۆژان ڕۆیشتن من هەر خەریکی کۆکردنەوەی سەرچاوە و سۆراغ کردنبووم لەمەلای خەتێ، تاکو قۆناغی چوارەمی زانکۆ هاتەپێش، بڕیارم دا باسی (تەخەروج)م لەسەر کێشەی مەلای خەتێ وفتواکەی بێت، دوای مشت ومڕێکی زۆر لەلایەن عەمادەوە بەناوی( العلامه محمد الختی بین الحقیقه والإفترا ) قەبووڵ کرا، لێرەدا کورتەێک لەم توێژینەوە دەخەمەڕوو، بەو هێوایەی ڕاستیەکان وەک مانگ بدرەوشێنەوە وناڕاستیەکانیش بپووکێنەوە.



## باسی یەکەم:

### پوختەیەک لە ژیانی :

یەکەم: نا و و نازناو لەدایک بوونی.ناوی محمدی کوڕی أحمدی کوڕی عبدالرحمن کوڕی ئیسماعیلی کوڕی سلێمانە.لەساڵی ١٧٨٥ زاینی لە گوندی (خەتێ) ی ناوچەی خۆشناوەتی لە دایک بووە "کە دەکەوێتە نێوان بالیسان و خەلیفان" مەلای خەتێ بە (شێخ سلێمانی) نازناو کراوە، لەنێوان کوردەکان بە (مەلای خەتێ) ناوزەد کراوە، لەلای زانایان بە (محمد الخگی الأفندی) ناسراوە، لە خێزانێکی زانست دۆست و عیرفان پەروەر گەشەی کردووە، باپیری بە درێژایی تەمەنی خەریکی وانە وتنەوە بووە.

دووەم: خوێندن و مامۆستاکانی:مەلای خەتێ هەر لەمنداڵی یەوە بە خوێندن سەرقاڵ بووە، لەلای زانایانی ناوچەی (ڕەواندوز) و ناوچەکانی تری کوردستان خوێندویەتی، لە ناودارترین مامۆستاکانی ئەمانەی خوارەوەن:

١- عبدالرحمن ڕۆژبەیانی فورقانی،(فورقان) گوندێکە لە (قەرەحسن) لە دەوروبەری کەرکووک، ناوی دەرکردووە بە (شیخ علما العراق) لە ساڵی ١٢٠٧ کۆچی، وەفاتی فەرمووە، مەلای خەتێ لەسەر دەستی ئەو ئیجازەی زانستی وەرگرتووە.

٢- محمد ئادەم باڵەکی لەگوندی (ڕوستە) لەناوچەی (باڵەکان) لەدایک بووە، لە سی ساڵی دا هەموو زانستەکانی تەواو کردوە، کۆمەڵێک دانراوی هەیە لە زانستەکانی عەقڵی و نەقڵی دا، مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلا عبدالله ی گەڵاڵی و زۆر لە زانا ناودارەکان دیکە لای ئەویان خوێندوە، لەساڵی ١٢٣٧ی زاینی کۆچی دوایی کردوە.

٣- ئەبوبەکر میر ڕۆستەمی لە گوندی (میر ڕۆستەم) لە دایک بووە، ئەم گوندە دەکەوێتە نێوان شەقڵاوە و هەریر کۆمەڵەێک لێکۆڵینەوەی هەیە لەسەر کتێبە زانستیەکان، لە ساڵی ١٢٣٠ کۆچی، مردووە.

### سێ یەم قوتابییەکانی:

١- مەلا عمر ئەفەندی خەیلانی، لە ساڵی ١٨١٤ی زاینی لەدایک بووە، دەستێکی باڵای هەبووە لە فیقهی شافعی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس دەڵێ: وای بۆدەچم لە هەموو زاناکانی سەردەمی خۆی زاناتر بوویێت لە زانستە فیقهدا .٢

٢- مەلا عبدالله جەلی، لە ساڵی ١٣٠٠ی کۆچی لە (کۆیە) لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٥٢ی زاینی، مردووە.

٣- مەلا ئەحمەد نودشەیی، بەباب و باپیرەوە موفتی بوون لە سلێمانی لە لەساڵی ١٨٨٤ی زاینی، وەفاتی کردووە.

٤- مەلا ئەبوبەکر هەرشەمی، مورشیدێکی گەورەی ئایینی بووە، لە ساڵی ١٣٢٩ی کۆچی، مردووە .

٥- شاعیری گەورەی کورد حاجی قادری کۆیی، لە ساڵی ١٨١٧ی زاینی لەدایک بووە، لەساڵی ١٨٩٧ی زاینی کۆچی دوایی کردووە.چوارەم: کۆچی دوایی.مەلای خەتێ لە ڕواندز کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی (گەردەگرد) بەخاک سپێردراوە، دکتۆر محمد گەزنەیی ساڵی وەفاتی دیاری کردووە، ئەم ساڵەش هاوکاتە لەگەڵ دەرکردنی فەرمانی گرتنی میر لەساڵی ١٨٣١ی زایینی. ئەمەش هاودژە لەگەڵ بۆچوونی (مسعود محمد) کە پێی وایە مەلای خەتێ پاش شەش ساڵ دوای مردنی ( پاشای کۆرە) دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆی خەتێ.

## باسی دووەم:

پلەو پایەی زانستی.وەک ئاشکرایە مەلای خەتێ زانایێکی بلیمەت و لێهاتوویێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە، بەتایبەت لەزانستە عەقڵیەکان پایەێکی مەزنی هەبووە، مەلائەفەندی هەولێری بەم شێوە بەرزە وەسفی کردوە:(إمام الآفاق بالإتفاق أستاژ الکل فی الکل علی الإگلاق غگریف المتأخرین وأکمل المتبحرین، ناقد السابقین وقائد اللاحقین العالم الربانی محمد الأفندی الخگی) مامۆستای بیریار مسعود محمد لەباسی مەلای خەتێ دا بەم شێوە دەدوێت:(إنه واحد من أعلم أهل زمانه بعلوم الإسلام، وإنه حبر عڤیم فی مراتب الإجتهاد، أخژالعلم من أفژا الکرد وإن یقل علمه لا ینهڤ به الا میزان یزن فگاحل علماو الإسلام وتخرج علی یدیه علماو أجلاو من الکرد والعرب وغیرهما علی مدی عشرات السنین)لەلایێکی تر (إبراهیم فصیح الحیدری) لەگەورەیی ئەودا دۆش دادەمێنێت و دەڵێت ) العلامه المحقق، والفهامه

المدقق، صاحب الژهن الوقاد، وشيخ العلماو، والورع الصالح،(محمد الخگى وكان من أعڤم علماو العراق وقد إنتفع به خلق كيير). وەک لەسەرچاوەکان ئاماژەی بۆکراوە مەلا محمدی خەتـی (مەرجەع)ێکی گەورە وگشتی ناوچەکە بووە، بۆهەموو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتیەکان گەڕانەوەی بۆ لای ئەو .

بەرهەم و دانراوەکـانی مەلای خەتـێ.ئەوەی ئـێمە لەدەرەنجـامی لێکۆڵێنەوەکـان بەدەستمان گەیشتوە ئەوەیە کەمەلای خەتـێ، کۆمەڵێک دانـراو و نووسـراوی لەدوای خـۆی بەجـێ هێشتوون بەداخەوە تەنهـا نووسراوێکی ماوە ئەوانی تر هەموو فەوتـاون، لێرەدا بەگوێرەی سەچاوەکانی مێژوو دەیان خەینە ڕوو:

١- حواش على تفسير البيچاوى.

٢- حاشيه على شرح جمع الجوامع.

٣- حاشيه على تحفه إبن حجر.

٤- حاشيه على تعليقات عبدالحكيم الهندى على (المگول).

٥- رساله العلم فى علم الكلام. ئەم کتێبە کاتی خۆی مەلای خەتـێ بەدیاری بۆ والی بغدا (داود پاشا)ی دەنێرێت، ئەم پەرتـووکە لە یەکێک لە مەتحەفەکـانی بەغـدا دەپـارێزرێ. لەم ساڵانەی دوایـی مەلا تـاهیر بەحرکەیـی (تحقيق)ی دەکـات و بەچـاپی دەگەێنێنت، ئەم کتێبە تـاکە بەرهەمـی مەلا محمـدی خەتـێ یە لە لە نـاوچوون ڕزگـاری بووە.باسی سێ یەم: مەلا محمدی خەتـێ لەنێوان تـۆمەت و حەقیقەتـدا.یەکەم: ڕووخـانی میرنشینی (سۆران)لەکاتێکدا بزاڤی(محمد پاشا) بزوتنەوەیەکی سەرکەوتوو بەهێز بووە بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی کوردی تۆکمە، ئەمە لەدڵی بەشێک لە ڕۆشنبیرە لاڕێکـان جێگەی داخ بـووە، کەبەم شێوە ناخۆشەیە هەرەسی هێنابێت، لەهۆکارە ناوەکیەکـانی لەبەین چوونی ئەم میرنشینە ورد نەبوونەتەوە، ڕووخـانی ئەم میرنشینە لە هەڵوێست و فەتـواکەی مەلای خەتـێ کـورت هەڵـدێنن.بەگـوێرەی بۆچـوونی زۆربەی مێژوونـووس و لێکـۆڵەران ڕووخـان و هەرەسهێنانی شۆڕشەکانی کوردی بە پلەی یەکەم بۆ حاڵ و ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردی دەگێڕێتەوە.گەر لەهۆکارەکانی ڕووخانی ئەم شۆڕشانە وردبینەوە، سێ خـاڵی گرنگمـان دە ست دەکەوێت کە بـونەتە مـایەی لە نێوچونیـان، ئەم خـاڵانەش بـریتین:یەکەم: گرنگـی نەدان بەیەکگـرتن بـۆ پـرۆژە وکارەکانیـان.دووەم: ڕکەبەرایەتـی لەنێوان ئەمیرەکـانی (بابـان) و جەزیـرەی (بۆتـان).سێ یەم: بڵاو بوونەوەی نەزانـی و نەفـامی لە نێـو خەڵکـی کـوردو و پشـت گوێخسـتنی فێڵ و تەڵەکـاتی دوژمنـان.سەبارەت بە ڕووخـانی ئیمـارەتی سۆرانیش کەم و زۆر ئەم خـاڵانە ڕەنگـی داوەتەوە، هێندێک بۆ هۆکاری ناوەکی و هێندێکی تر بۆ هۆکاری دەرەکـی دەیگـڕێنەوە.دووەم: شیکردنەوەی دەقـی فەتـواکەی مەلای خەتـی.بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە پێوستە ئاماژە بەسێ خاڵی سەرەکی بکەین:خاڵی یەکەم: ئەم فەتوا هەڵبەستراوە بە مەلای خەتی، هـاودژە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام یەکناگرێتەوە، هەروەهـا لە پلەو پـایەی ئەم زانـایەش ناوەشێتەوە کە بڵێ( هەرکەسێک جەنگ لەگەڵ سوڵتان دا بکات، بە بێ ئیمانی دەمرێت و، تەڵاقی دەکەوێت).خـاڵی دووەم :ڕەخنەگر نـاتوانێ پشت بەم تـۆمەتە هەڵبەستراوە ببەستێ لەبەر دوو هۆ: ئەم زانـایە دەیتـوانی لەسـاڵی ١٨٣٠ز. فتـوایەک دەربکـات "کاتێک ئەمیر بانگەشەی ئیستقلالی کرد" بڵێت ئەم دابەش بوونە دژ بەدینەو خەڵـک لەم بـارەوە هـان بـدات.یـاخود لە سـاڵی ١٨٣١کاتێک ئەمیر داوای لە وتـاربێژان کـرد نـاوی ئەو لەجێگەی (سوڵتان) دابنێن ، هەروەها فەرمانی دا سکەی پارە لێبدەن، دەی دەبوا مەلای خەتـی فتـوای دەرکردبـاو گوتبـای ئەم جۆرە کـارانە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ناگونجێن... ئەی بۆچی فتوای نەدا؟خاڵی سێ یەم: یەکەم: پچڕ پچڕی لەگێڕانەوە فتواکەدا هەیە.هیچ کەسێک نەبـووە لەگێڕانەوەی ئەم فتوایە بڵـێ من ڕاستەوخۆ لەمەلای خەتـێم بیستووە، یاخود بەنووسراو بینیوومە بەبێ زیادە وکەمی.دووەم: ناکۆکێکی زۆر لە مەتنی دەقەکەدا هەیە، حوسین حوزنی جارێک دەڵێت(جەنگان دژ بە سولتانەکان زیـان بەدیـن و تەڵاق و عەقیـدە دەگەێنێت) جارێکی تر دەڵێت(هەرکەسێک لەگەڵ جەیشی عوسمانیەکان بجەنگێت، بەبێ ئیمـانی دەمرێت، تەڵاقـی ژنەکەشی دەکەوێت).لەلایێکی دیکە دکتـۆر قاسملو دەڵێت: ( پاشـای کـوێرە خـۆی دا بەدەستەوە بەهـۆی تەحریکی مەلای خەتی کە پێ ی وابوو شەڕ دژی سوڵتان لەگونەهەگەورەکانە). بەهیچ شێوەیەک باسی دەرکردنی فتوای نەکردوە.. ئەمین زەگیش پێ وایە لە بەر نەڕژانی خوێن پاشا خۆی تەسلیم کـردووە.سێ یەم: تۆمەتی مەلای خەتی لەتەرازووی ژێری دا .مامۆستا علائەدین سوجادی دەڵێت: مەلای خەتی بەردەوام بۆ بەرژەوەندی میر کاری کردوە، لەهەموو کارو بارەوەکانی دا هاوکـاری بـووە، هیچ فتـوایێکی دژ بە میر دەرنەکردووە، ئەم بووختانەش دووژمنانی مەلای خەتێ هەڵیان بەستووە و بەس. ئەوەی کەر بۆچوونی مامۆستا پشت ڕاست دەکاتەوە چەند بەڵگەیێکی یەکلاکەرەوەن:1



١- پاشای کوێرە پیاوێکی بەهێزو حوکمێکی توندو تۆڵی هەبووە، هەرکەسێک کەمترین زیانی بە دەستەڵاتی ئەو گەیاندبی لە نێوی بردووە، گەورەترین شاهیدیش لەسەر ئەم باسە کوشتنی مامەکـانی خۆی بـوو پێش هەموو کەسێک، دەی ئەگەر ئەمە ڕاست بوایە بۆچی پاشا لەسەر ئەم هەڵوێستەی خەتی چورتەی نەکردو هیچ بڕیارێکی لەدژ دەرنەکرد؟ باشە بۆچی مەلای خەتێ بۆ شوێنێکی ئارام هەڵنەهات؟

٢- وەک باسمان کرد (ملا عبداللەی جلی) و شاعیری ناوداری کورد(حاجی قادری کۆیی) لەلای مەلای خەتێ لەگوندی (خەتـێ) فەقێ بـوون و دەرسیان لەلا خوێنـدوە، ئەمەش دوای ڕووخـانی میرنشینی سۆران بووە، هەریەک لەمانە ئەگەر بچوکترین خیانەتیان لەم مەلایە هەست پێ کردبا بۆ ئێمەیان دەگێڕایەوە، کەچی بە پێچەوانەوە شیعرەکانی حاجی خاڵی و بەتاڵن لەم بارە.

٣- ئەم بووختانە تەنها لەدوای دەرکەوتنی فیکرەی قەومی بڵاوبۆوە، خەڵک بە پێوەری ئایندە بۆ رابـردوو گەڕانەوە، پێشترئەم بووختـانە بەخەیـاڵی هیچ کەسێ گوزەری نەکردبـوو، بەڵام لەسەرەتاکانی ئەم چاخە ئەم گێرە شێوێنییە لەسەر زمان و قەڵەمی بەشێک لەکین لە دڵان دەرکەوت.

٤- لەم ڕەوش و حاڵەی کەگوایە مەلای خەتـی فەتواکەی لێدەرکردوە، کۆمەڵێک شەڕی خوێناوی پێشتر لەگەڵ جەیشی تورکان لەنزیک (ڕەواندوز) ڕوویان داوە، کەچی مەلای خەتـی هیچ فەتـوایێکی لەم بـارە دەرنەکردووە بۆچی؟

٥- وەک سەرچاوەکانی مێژوو ئاماژەی بۆ دەکەن یەکەم کەس کە ئەو تۆمەتەی هەڵبەستووە حوسێن حوزنی موکریانی بووە، ئەمەش لەبەر بوونی کێشەێک لەنێوان موکریانی و بنەماڵەی خەتـی لەسـەر پـارچە ئەرزێک. مامۆستا( محمد تەها بالیسانی) دەڵێت: سوێند دەخۆم بەخوای مەزن ئەمە هەڵبەستراو و ناڕاستەو هیچ پەیوەندیێکی بەحەقیقەتەوە نییە، بۆ یەکەم جاریش حوزنی مکریانی ئەمەی هەڵبەستوە.

هەروەها (عزدين ملا ئەفەنـدی) "کە لە دایکیەوە ڕەچەڵەکی بۆ میر محمد دەگەڕێتەوە" دەڵێت: حوسین حـوزنی موکریـانی دانەیەک لەکتێبەکەی (میرانـی سۆران)ی بەدیـاری بۆ مەلا عیزەدین نـارد، دوای خوێندنەوەی بە سەرزنشتەوە بە حوزنی دەڵێت: تۆ چـاک دەزانـی ئەگەر مەلا محمدی خەتـی فتـوایێکی وای دەر کردبێت بە ڕەزامەنـدی پاشا بـووە، ئەی بۆچی لەکتێبەکەتـدا لەم هەقـیقەتە بـێ دەنگ بـووی؟ هەڵوێستی بەشێک لەزانا و مێژوونووسانی هاوچەرخ سەبارەت بەفەتواکەی مەلاخەتی:بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە بەتەلەفۆن پەیوەندیم بە هێندێک لە ڕۆشنبیران و شارەزایانی بواری مێژووکرد، سەرەتا (د.

عزدین مستەفا رسول)م دواند،لەبارەی ئەوەی ئایا ئەم فەتوایە ڕاستە یان نا؟ گەر ڕاست نیە کێ بۆ یەکەم جار هەڵی بەستووە؟ لەوەڵام دا گوتی: ئەمە هەڵبەستراوە و هیچ بنچینەیەکی ڕاستی نییە، بۆ یەکەم جاریش( حوسین حوزنی موکریانی) هەڵی بەستوە، بەدەر لەو هیچ کەسێک لە جەماعەتی پاشا نەیگوتووە، بۆیە من پشتگیری تەواوی بۆچوونی مامۆستا (مسعود محمد) دەکەم. هەروەها (ممتاز حەیدەری) کەلەو بارە لێدوان و نووسینی خۆی هەیە، گوتی: هەر هەڵبەستراوێکی وا، هەر بۆ چونێکی وا، کەبڵاو کرایەوە، پێویستە بەشێنەیی شی بکرێتەوە، ڕەوشی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی ئەو سەردەمەی مەلای خەتی لێکبدرێتەوە، پەیوەندی مەلای خەتی لەگەڵ دەوروبەری چۆن بووە؟ دوای لێکۆڵینەوەیەکی خەستی مێژوویی بگەینە دەرەنجام، ناکرێ بەبێ زانیاری مەلای خەتی بەشۆڕشگێر لەقەڵەم بدەین یان بە (خیانەتکار)، بەڵکوو دوای توێژینەوە دەبێ بگەینە بڕیارێکی تەواو.م: تاهیر بەحرکەیی کە کتێبێکی شیکاری لەسەر ئەم باسە هەیە، زۆر بە توندی دژی ئەو کەسانە وەستاوە کە ئەم بوختانەیان هەڵبەستووە، گوتی: لەم بارە زۆر پرسیارم

لە گەورە پیاوانی ڕواندوز کردووە دەڵێن: کاتی خۆی حوسێن حوزنی ویستوویەتی چاپخانەیەک لەسەرپارچە زەوییێکی بنەماڵەی مەلای خەتێ دابنێت بەڵام ئەوان نەیان هێشتوە، بۆیە مشتومڕ لەنێوانیان دا پەیدا بووە، حوزنی ئەم بوختانەی بۆ مەلای خەتێ هەڵبەستووە!. پرۆفیسۆری یاری دەدەر سەلام ناوخۆش: گوتی: منیش بۆچوونم تەواو لەگەڵ ئەو مێژوو نووسانەیە کەدەڵێن: ئەم فتوایە هەڵبەستراوە، ئەو کەسەی قەناعەتی بەمیری سۆران کرد کەشەڕی عوسمانیەکان نەکات سیخوڕێکی بەریتانی بوو بەناوی (ریچارد ونچ)، نەک مەلای خەتێ. باشە ئەگەر مەلای خەتێ فتوائێکی وەهای دابا چۆن خزم و کەس و کاری پاشای کۆرە دوای ئەم ڕووداوە لەمەلای خەتی ڕازی دەبوون؟ نووسەر و شارەزا لەبواری مێژوو مامۆستا (عبدالله حسن زادە)، لەم بارەوە جەنابیان گوتی: من لەو سەرچاوانەی خوێندومەتەوە رە بۆچوونەکە م. مسعود محمدم لەهەموویان زیاتر بە دڵە کەدەڵێت- ئەم فتوایە هەڵبەستراوە- چوونکە مامۆستا کاتێک شتێکی دەنووسی کاری بەمە نەبوو داخۆ کێ لێ ی ڕازی دەبێت وە کێ دژی دەوستێتەوە، هەروەها ڕەئیەکەی ئەو إستیدلالیشی تێدایە، سەبارەت بەحوسێن حوزنی موکریانی دەیان گوت کاتێ خۆی کە شتێکی دەنووسی لێ یان دەپرسی سەرچاوەت چی یە؟ دەیگوت گرنگ نیە، بەڵکو ئێمە دەبینە سەرچاوە بۆ خەڵک!.

سەرچاوەکان

١- اربيل في أدوارها التأريخية /زبير بيلال/ مطبعة النعمان . النجف . الطبعة الاولى . سنة١٩٧١م.
٢- إسهام علماء كوردستان العراق في الثقافة الإسلامية / محمد حسين أحمد/ مطبعة التربية . أربيل . الطبعة الألى . عام ١٩٩٩م.
٣- إعادة التوازن إلى ميزان مختل/ مسعود محمد/ مطبعة مجمع العلمي . بغداد. الطبعة الأولى . عام ١٩٧٧م.
٤- بوژانەوەی مێژووی زانایانی کورد لەڕێی دەسخەتەکانیانەوە (إحياء تأريخ علماء الكرد من طريق مخطوطاطهم) شيخ عمر قەرەداغی مطبعة السالمي . بغداد . الطبعة الألى . عام ١٩٩٩م.
٥- بنەماڵانی بەناوبانگی ڕەواندوز/ أسر المشهورة في الرواندز/ ممدوح المزوري/ مطبعة أربيل . الطبعة الألى . عام ١٩٩٨م.
٦- تأريخ الدول والإمارات الكردية/ محمد امين زكي بك . مطبعة مصر . المطبعة الثانية . عام ١٩٤٨.
٧- تثنية الحج إلى إعتاب العلامة الخطي / زبير بيلال / مجلة الحكم الذاتي . العدد (٧١) عام ١٩٨٩.
٨- جواهر الفتوى / عبدالكريم المدرس / مطبعة الزمان / بغداد . الطبعة الألى . عام ١٩٧٦م.
٩- حاجی قادری کۆیی / مسعود محمد / بەرگی یەکەم/ چاپخانەی (المجمع العلمی) بغداد، چاپی یەکەم،ساڵی ١٩٧٦.
١٠- رسالة العلم/ مەلا محمد خەتی/ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە / چاپی یەکەم/ سالی ٢٠٠٧ ز.
١١- سۆزی نەتەوایەتی/ علی باپیر / چاپخانەی شەهیدان- سلێمانی – چاپی دووەم ساڵی ١٩٩١ز.
١٢- شۆڕشەکانی کوردو کۆماری عێراق / علا الدين السجادی/ چاپخانەی (معارف). بەغداد چاپی یەکەم . ساڵی . ١٩٥٩ز.
١٣- عنوان المجد فی تأريخ بغداد والبصرة / إبراهيم فصيح الحيدری / چاپخانەی(دارلبصرة ) مێژووی چاپکردنی نادیارە.
١٤- علمائنا فی خدمة العلم والدين/ عبدالكريم مدرس/ چاپخانەی (دارالحرية )- بغداد- چاپی یەکەم- ساڵی- ساڵی- ١٩٨٣ز.
١٥- فەتواکەی مەلای خەتێ / حسن محمود حمەکریم/ چاپخانەی هەولێر. هەولێر. ساڵی ٢٠٠٦ز.
١٦. کوردو کوردستان/ عبدالرحمن قاسملو/ چاپخانەی بەیروت . بەیروت . چاپی یەکەم . سالی . ١٩٣٠ز.
١٧- محمد پاشا الرواندوزي والاسباب المؤدية الى سقوط إمارته، مع نبذة من تأريخ العلامة محمد الخطى مفتى إمارة(سۆران)/ طاهر عبدالله سليمان/ مطبعة الثقافة/ أربيل/ الطبعة الأولى . عام- ٢٠٠٢م.
١٨- مشاهر الكرد وكردستان/ محمد أمين زەكی بگ/ بەرگی یەکەم . چاپخانەی (التفيض) – بغداد- چاپی یەکەم/ سالی . ١٩٤٥ز.
١٩- محمد بن عبدالله الجلى (مەلای گەورە) وجهوده العميه- جواد فقى . چاپخانەی پەروەردە . هەولێر. چاپی یەکەم . سالی یەکەم . ٢٠٠٦ز.
٢٠- محمد الختى ونهايه إماره سۆرانيه/ گۆڤاری کاروان . ژمارە(٤) سالی . ١٩٨٣ز.
٢١- من هموم الحياه مسعود محمد/ مطبعة/ حسام بغداد/الطبعه الاولى/عام ١٩٨٨م
٢٢_نظم الحجج لاخراج مهج المنهج/ محمد ابن ادم الروستى/مطبعة جامعة صلاحدين /اربيل / الطبعة الاولى/عام_١٩٩٩م
٢٣ _ النجم الزاهر / نكتل الكشمولة / مطبعة الجمهور/ موصل/الطبعة الاولى / عام_ ١٩٨٨م.
٢٤ _ الهجوم العثمانى على كوردستان/ مجلة (كاروان) الاعداد _٥٢_٥٣_٥٤_عام_١٩٨١م
٢٥- دواندنی چەند نووسەرو مێژوو نووسێک لەڕێگەی تەلەفۆنەوە کەئیستا دەنگیان لە لام پارێزراوە.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان ٢١ نێت

# ئافرەت لای کانت




نووسەر : حەمەسەعید حەسەن

*له كۆتاییدا تەرازووی عەقڵی منیش، بە تەواوی بێلایەن نییە.*
*کانت*

*لەوساوە موڵکایەتیی تایبەتی سەری هەڵداوە،*
*وەک بوونەوەرێکی نزمتر لە پیاو، سەرنجی ژن دەدرێت.*
*هەنری مۆرگان*

کانت (١٧٢٤ _١٨٠٤ ) دەیگوت: نابێت میر و سەرۆکی دەوڵەت لە سەروو یاساوە بن، نابێت دەسەڵاتێکی ڕەهایان هەبێت، پێویستە ملکەچی یاسا بن و دەسەڵاتێک هەبێت، بتوانێت لێیان بپرسێتەوە. دەبێت هاووڵاتییان بە هۆی لێهاتوویی و هەوڵدانەوە، بگەنە پۆستی بڵند. نابێت کوڕ، دەسەڵاتی لە باوکییەوە بۆ بمێنێتەوە، نابێت بۆ گەییشتن بە پلەی بەرز، لە موڵک و پۆستی باوکی سوودمەند ببێت و دەبێت بە گوێرەی یاسا و بە یەکسانی، هەلی گەییشتن بە لوتکەی دەسەڵات، بۆ هەمووان بڕەخسێت.

کانت هەرچەندە فەلسەفەی کرد بە دوو لەتەوە: پێش خۆی و پاش خۆی، هەرچەندە سەردەمی ڕۆشنگەری لەسەر دەستی ئەودا بە لوتکە گەییشت، هەرچەندە بە قووڵی لە ژن و لە دابونەریتی کۆڵییەوە، بەڵام لە کۆتاییدا لە بۆرژووایەکی دڵسۆز و دەستپاک و تەنگەنەزەر زێتر هیچی دیکە نەبوو. لە کۆتاییدا ئەویش هەر وەک فەیلەسووفەکانی دیکە، لە ئەرستۆوە تا ڕۆسۆ، ژنی پێ ئینسانێکی نزم بوو. کانت پێی وابوو، (ژن بۆ ئەوە دەست نادات خۆی بۆ لێکۆڵینەوە تەرخان بکات، ئاخر ئەگەر کتێبێکی بە دەستەوە بێت، ئەوا وەک بازنگەکەی مەچەکی، بۆ خۆ جوان نیشاندان، بە دەستییەوە گرتووە و تەنانەت سەعاتیش هەر بۆ خۆڕازاندنەوە دەکاتە دەستی کە ڕەنگە ئیش نەکات.)

ئایا ژن عەقڵی هەیە یان نا؟ کانت دەڵێت: (بەڵێ ژن عەقڵی هەیە، بەڵام عەقڵێکی جوان، جیاواز لە عەقڵی قووڵی پیاو.) بێ ئاگا لەوەی، ئەگەر هەلی بۆ بڕەخسێت، ژنیش وەک پیاو، لە هەر بوارێکدا پێویستی بە عەقڵ هەبێت، توانای داهێنانی هەیە. ئەدی (تیانۆ)ی ژنی فیساگۆرس، فەیلەسووف نەبوو؟ کام پیاو دەربارەی ژن، لە سیمۆن دی بۆڤوار قووڵتر قسەی کردووە؟

کانت پێی وایە: (ئافرەت کە شوو دەکات، ئازادی بە دەست دەهێنێت، بەڵام پیاو کە ژن دەهێنێت، ئازادیی لە دەست دەدات.) کانت وەک زۆر لە فەیلەسووفەکانی دیکە، ژنی نەهێنا، کە لە حەفتاوپێنج ساڵیدا لێی دەپرسن: لەبەر چی ژنت نەهێنا؟ دەڵێت: (کە پێویستم بە ژن هەبوو، نەمدەتوانی بژێویی بۆ دابین بکەم، کە بوومە خاوەنی توانای دابینکردنی بژێوی، پێویستم بە ژن نەمابوو.) ئەگەر کانت کەسێکی ڕاستگۆ نەبا، دەیگوت: ئاخر ژیانی خۆم، بۆ گەڕان بە دوای حیکمەت و حەقیقەتدا تەرخان کردبوو.

بەشێک لە فەیلەسووفەکان هاوسەرگیرییان نەکردووە، وەک: دیکارت، شۆپنهاوەر، نیتشە و عەبدولڕەحمان بەدەوی. سوکرات شەیدای ئالسیبیادێس بوو بوو، کە بە کوڕە بەنازەکەی ئەسینا، ناوی دەر کردبوو. سوکراتی مامۆستای ئیفلاتوون، دوو ژنی هێنا، ئەرستۆی شاگردی ئیفلاتوون، دوو ژنی هێنا، بەڵام ئیفلاتوون خۆی ژنی نەهێنا، بڕوای بە خۆشەویستی ڕۆحی هەبوو، نەک جەستەیی. میشیل فۆکۆ (١٩٢٦ _ ١٩٨٤ ) کە هاوڕەگەزباز بوو، بە ئایدز کۆچی دوایی کرد.

ئایا ئینسان بە زەبری خۆشەویستی، سێکس دەکات؟ ئاخر ئەگەر سێکس تەنیا لە پێناوی مانەوەی ڕەگەزدا بێت، ئەوا ئاژەڵانیش هەر لەبەر هەمان هۆ جووت دەبن. کانت پێی وابوو، جووتبوون لە دەرەوەی تاک ژنومێردایەتی، کارێکی ئاژەڵانەیە و لەگەڵ شکۆمەندیی ئینساندا ناگونجێت. کانت وای بۆ دەچوو، حەیفە ناوی خۆشەویستی لەو پێوەندییە بنێین کە لە پێناوی سێکسدایە، ئاخر ئەوە هەڵچوونێکی نائەخلاقییە. ئیفلاتوون جەستەی بە قەبری خود دەزانی، بەڵام دەیگوت: چونکە خودا جەستەمانی خوڵقاندووە، مافی ئەوەمان نییە کاری خودا تێک بدەین و مافی خۆکوشتنمان نییە. کانت دەڵێت: خۆکوشتن لەوە باشترە، ملکەچی تێرکردنی ئارەزوو بین، ئاخر ئینسان کە بوو بە بابەتی چێژ لێ وەرگرتن و چێژ پێ بەخشین، هیچ ڕێزێکی بۆ خودی خۆی نامێنێت.

کانت بە هەمان چاو سەیری پیاو و ژنی نەدەکرد، پێی وابوو، سروشت یەکەمیانی لە دووەمیان باڵاتر خوڵقاندووە. وای بۆ دەچوو، کە هاوسەرگیری ڕووی دا، ئیدی پیاو ژن ناچەوسێنێتەوە و ژن لەوە ڕزگاری دەبێت، کەرەسەیەک بێت بۆ بەخشینی چێژ بە پیاو. کانت دەیگوت، ئەوە ژن خۆیەتی لە پێناوی بەرژەوەندیی خێزان و ئاشتیی ناو ماڵدا، ملکەچی پیاو دەبێت، واز لە هەندێک لە مافەکانی خۆی دەهێنێت و ئەوەی پێ سروشتی دەبێت کە پیاو زاڵ و باڵادەست بێت، بەڵام ڕاستییەکەی ژن تووشی دووهەستی دەبێت، ئەو دوو هەستە دژ بە یەک دەبن، لە ژیانی هاوسەرییەتیدا هاوزەمان هەست بە خۆشی و بە ئازاریش دەکات، خۆشی: چونکە ماڵ و مێردی هەیە، ئازار: چونکە هەست بە بێدەسەڵاتی و تەنانەت بە کۆیلەیی، خۆی دەکات.

کانت پێی وابوو، ژن دەیەوێت هەم پیاو بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و هەم چێژیشی پێ ببەخشێت. کە چێژی پێ دەبەخشێت، ئەوە لە پێناوی کۆنترۆڵکردنیدایە و کۆنترۆڵکردنی پیاو، ئامانجی ڕاستەقینەی ژنە. کانت پێی وایە، چونکە سروشت ئەرکی مانەوەی ڕەگەزی ئینسانی بە ژن بەخشیوە، بە زیندوویی هێشتنەوەی کۆرپەلەکەی، وای لی دەکات، نیگەران و تەنانەت ترسنۆکیش بێت، بۆیە هەست بە لاوازی دەکات و پێویستی بە کۆمەکی پیاو دەبێت و هانای بۆ دەبات. کەواتە لای کانت، ئەوە سروشتە وای کردووە ژن لاواز بێت، نەک کۆمەڵ. کانت لەژێر کاریگەرییەتی کەنیسەدا، کە ژنی لە پیاو نزمتر دەبینی، دەیگوت: مێرد وەک هێزی جەستە، دەبێت لە ژن بە تواناتر و پێویستە ئازاتریش بێت.

سەرچاوە
Serchawe

لای کانت دوو جۆر هاووڵاتی هەبوو، ئەکتیڤ و پاسیڤ، ئەکتیڤ ئەوە بوو، بۆ دابینکردنی بژێوی، پشتی بە خۆی دەبەست، پاسیڤیش ئەوی پشتی بە خاوەنکار دەبەست، وەک شاگرد و هەموو ئەوپیشەگەرانەی لەسەر خواستی کەسانی دی کاریان دەکرد، بۆ نموونە: سەرتاش، ئاسنگەر و پێڵاودروو. لای کانت هاووڵاتی پاسیڤ مافی دەنگدانی نەبوو، ژنانیش چونکە لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی پیاوان بوون، لە پەراوێزدا بوون و بە پاسیڤ هەژمار دەکران.

هەرچەندە کانت، ئازادی، یەکسانی و سەربەخۆبوون، بۆ هاووڵاتی دەخوازێت، بەڵام ژن کە هاووڵاتییەکی ئەکتیڤ نەبێت، کە لە مافی دەنگدان بێبەش بکرێت، کە هیچ بەشدارییەکی لە نووسینەوەی ئەو یاسایانەدا نەبێت کە ناچارە ملکەچیان بێت، کە لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستەی پیاو بێت، ئیدی نە لە یەکسانی سوودمەند دەبێت، نە هەست بە ئازادی دەکات و نە سەربەخۆیش دەبێت.

کانت وای بۆ دەچێت، مێ کە توانای ئەوە نییە، بەبێ پیاو بژی، ئیشی ئەوەیە ژن بێت و ناتوانێت سەرداری خودی خۆی بێت و نایشبێتە هاووڵاتییەکی ئەکتیڤ، بەڵام پیاو، با شاگرد یان خزمەتکاریش بێت، ئەگەری ئەوە هەیە، ببێتە خاوەنکارێکی سەربەخۆ و پاشان هاووڵاتییەکی ئەکتیڤ. لە ڕوانگەی کانتەوە، ژن کە لە بواری کاری سیاسیدا پاسیڤە، دەتوانێت بەوە قەرەبووی بکاتەوە، لەناو ماڵدا فەرمانڕەوا بێت و پێی وابوو، لە هاوسەرگیریدا، ئەو ژنە، پیاو دەچەوسێنیتەوە، نەک بە پێچەوانەوە.

(چەند تێبینییەک سەبارەت بە هەستکردن بە جوانی و شکۆمەندی لە پێوەندیی نێوان نێر و مێدا،) ئەوە ناونیشانی نامیلکەیەکی کانتە کە لە تەمەنی چل ساڵیدا نووسیویەتی، تێیدا باسی تایبەتمەندیی مێ دەکات کە چۆن لە هیی نێر جیاوازە و چۆن مێ هۆگری جوانییە و نێر بیری لای شکۆمەندییە. کانت دەڵێت: (دیمەنی بەفر کە لوتکەی چیای داپۆشیوە، دیمەنێکی بەشکۆیە و وات لێ دەکات، هەست بە شکۆمەندی بکەیت، بەڵام دیمەنی گوڵێک لە باخچەیەکدا، دیمەنێکی جوانە.)

کانت پێی وایە: (ئەوی یەکەمین جار بە ژنی گوتووە، ڕەگەزی نەرمونیان، ڕێی تێ دەچێت، خەریکی ساردکردنەوەی ماستاو بوویێت و بڕوای بەو قسەیەی خۆی نەبوویێت.) لای کانت، (ژن هەندێک خەسڵەتی تێدایە، وەک دلۆڤانی و ناسکی و ئەفسوونێک کە پیاو کەمەندکێش دەکات، ئەوانە هەموویان جوانیی پێ دەبەخشن، بەڵام پیاو کە ڕەگەزی خانەدانی پێ دەڵێن، زێتر شکۆمەندی پێوە دیارە.) لای کانت، بۆ ژن سووکایەتیی گەورە ئەوەیە، فەرامۆشی بکەیت یان بە ناشیرینی بزانیت، بەڵام پیاو بەوە زۆر سەغڵەت دەبێت، بە گێلی بزانیت. کانت دەڵێت: (چونکە لای ژن، ئەوە ئارەزووە بڕیار دەدات، بەڵام لای پیاو، عەقڵ، بۆیە ژن حەزی لە دەستبەسەردا گرتنە، بەڵام پیاو، فەرمانڕەوایی.)

کانت پێی وایە، (ژن بۆیە ئیشی جوان یان چاک دەکات، چونکە پێی خۆشە، نەک لەبەر ئەوەی خاوەنی پرینسیپە، چونکە ڕەگەزی نەرمونیان ناتوانێت خاوەنی پرینسیپ بێت.) چونکە کانت شوێنی ئیشی ژن، بە چوارچێوەی ماڵ دەزانێت، ئەو پیاوەی پێ دووڕووە کە ژن بۆ کاری وا هان دەدات، پێویستی بە عەقڵێکی قووڵ هەبێت. لای کانت، پەیداکردنی پارە، ئیشی پیاوە، ژن حەزی لێیە پاشەکەوتی بکات. جێی سەرنجە، کانت باسی ئەوەی نەکردووە، ئەوە کۆمەڵە وا دەکات، ژن ئەو خەسڵەتانەی هەبێت. مارگرێت مید دەڵێت: (زۆرینەی خەسڵەتەکانی تاک، چ نێر بێت، چ مێ، زگماک نین، زادەی سیستەمی کۆمەڵایەتین.)

ڕۆسۆ دەیگوت: (ژن بۆ ئەوە خوڵقاوە، ملکەچی پیاو بێت و چێژی پێ ببەخشێت، ئەوە سروشتی خۆیەتی.) نیتشەیش هەمان تێزی گوتەوە: (ژن وەک سروشت، حەزی لێیە کارەکەر بێت، بەختەوەری لەوەدا دەبینێتەوە.) وەهایش باوە، ژن لە پەراسووی پیاو چێ کرابێت، پەراسوویش چونکە خوارە، ئەوە بۆیە، ڕەوتاری ژنیش خوارە! کانت دەبێژێت: (ڕەوشی کۆمەڵایەتیی ژن، ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی سروشتی خۆیەتی.) ئەوە بۆیە سوزان مێندوس کانت بە بۆرژوایەکی تەسکبین لە قەڵەم دەدات. کانت دەڵێت: ژن هەرچەندە زۆربڵێیە و نهێنی کەسانی دی ناپارێزێت، بەڵام نهێنیی خۆی نادرکێنێت. هەروەها دەڵێت: ئەوانە گێلن کە توانای ژن بە هێند ناگرن، ئەوە نییە ژن لە ماڵدا، چی بخوازێت بەسەر پیاویدا دەسەپێنێت؟

کانت دەڵێت: (ژنی گەنج، چونکە هەمیشە مەترسیی ئەوەی هەیە، لەناکاو ببێتە بێوەژن، ئەو هەستە وای لێ دەکات، بەردەوام عەتری جوانیی خۆی، بەسەر پیاواندا ببەخشێتەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا، ئەگەری ئەوە هەبێت، یەکێکیان ببن بە مێردی.) لە کانت وایە، ژن کە جلی جوان دەپۆشێت، مەبەستی ئەوەیە، ژنانی دیکە ئێرەیی پێ ببەن و وایش هەڵکەوتووە، زۆر بە توندی ڕەخنە لە هەڵەی ژنانی دیکە بگرێت، بەڵام پیاو لە بەرانبەر هەڵەی ژندا لێبوردەترە، چونکە پیاو بە عەقڵ بڕیار دەدات و ژن بە حەز و بە ئارەزوو. لای کانت، بۆیە ژن دەبێت ملکەچی پیاو بێت، چونکە ژن لەباریدا نییە وەک پیاو عەقڵ وەگەڕ بخات. کانت ئەو ملکەچییەی ژنی بۆ پیاو، بە یاسایەکی سروشتی دەزانی، وەلێ ئیمامی غەزالی، هەمان ملکەچی بە یەکێک لە پرینسیپەکانی ئیسلام لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: (ئەگەر پیاو حەزی لە جووتبوون بوو، ژن با بەسەر پشتی حوشتریشەوە بێت، پێویستە دڵی نەشکێنێت.)

ڕۆسۆ دەیگوت: (کیژ هەر لە منداڵییەوە، بووکەشووشە لەبەر دڵی زاوا دەڕازێنێتەوە.) هیوم پێی وایە، کرۆکی ژیانی ژن، لە شووکردندا چڕ دەبێتەوە، ئەوە بۆیە ژن با تەمەنیشی هەڵکشاو بێت، هەر بە هیوای هاتنی سوارچاکی خەونەکانیەتی. کانت بڕوای وایە، سێکس پێویستە تەنیا لە سایەی تاک ژنومێردایەتیدا بێت و گرێبەستیش لە نێوان ژن و مێرددا هەبێت. هیگڵ لە کتێبی (بنەڕەتاکانی فەلسەفەی هەق)دا، بە توندی بە گژ ئەو تێزەی کانتدا دەچێتەوە.

لە کن کانت: خۆشەویستی هەستێکی ناسکی ئینسانییە، بەڵام سێکس کردەیەکی حەیوانییە، بۆیە ئەوینی ئینسانی و سێکسی حەیوانی دانوویان پێکەوە ناکوڵێت، چونکە سێکس نە سۆزی تێدایە و نە ڕەوشت. کانت لای وابوو، چونکە ژن و پیاو وەک شتومەک مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا دەکەن، چونکە خراپ سوود لە یەکدی وەردەگرن و یەکتری دەچەوسێننەوە، بۆیە سێکسی نێوانیان، سروشتێکی نائینسانیی هەیە. کانت دەیگوت، ئینسان ئامانجە، نابێت وەک کەرەسە وەگەڕ بخرێت.

کانت وەک پێشبینیی کردبێت، لە داهاتوودا، لە ئەورووپا چی ڕوو دەدات، دژایەتی هاوڕەگەزبازی دەکرد و بە دژی یاسای سروشتی دەزانی. کانت دەیگوت: گەنج پێویستە خۆی بگرێت تا بە شێوەیەکی شەرعی هاوسەرگیری دەکات و پێی وابوو، خووی نهێنی: کارێکی قێزەونە، لەگەڵ سروشتی ئینساندا ناگونجێت، هەم جەستە لاواز دەکات و هەم عەقڵیش، زیان بە توانای وەچەخستنەوە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی زوو پیربوون.

کانت کە لە بواری مەعریفەدا، هەموو مرۆڤایەتیی هەژاند، بەڵام نەیویست، دابونەریتی ئەورووپایی لە بواری ژندا بلەقێنێت. گەر خواستبای دەیتوانی بەشدارییەکی کارای هەبێت، لە قوتارکردنی نیوەی مرۆڤایەتی، لای کەم لە بەشێک لەو ستەمەی سەدان ساڵ بوو لێی دەکرا، بەڵام خۆی لەو شەڕە پیرۆزە دزییەوە و لە کێشەی ژندا، چۆکی لەبەردەم دابونەریتی دێرینی کۆمەڵدا دادا. کانت لەگەڵ ئازادکردنی کۆیلەدا بوو، بەڵام ئازادیی بە ژن ڕەوا نەبینی، لەگەڵ دادپەروەری و یەکسانیدا بوو، بەڵام بۆ ژنان نا.(*)

١٥ی جوونی ٢٠١٢

(*) أ، د. إمام عبدالفتاح إمام، كانط و المرأة، التنوير للطباعة ٢٠١٢ بيروت.

سەرچاوە : ماڵپەری دەنگەکان

# باسێکی کورت لەسەر ژیاننامەی ڕۆزا لوکسمبورگ

**بەبۆنەی بیرەوەری تیرۆری ٨٩ ساڵەی ڕۆزا لۆکسمبورگ**

نووسینی: تۆنی کلیف....

و.لەئینگلیزی یەوە: ئازاد ئارمان....

ڕۆزا لۆکسمبورگ لە ٥ ی مارسی ١٨٧١ دا، لەشارۆچکەیەکی بچووک بەناوی زامۆسک لەپۆلەندا لەدایک بووە (لە ١٥ی ژانوییەی 1919 لەلایەن دەوڵەتی ئەلمانیاوەتیرۆر کراوە)وەرگێر. هەر لەسەرەتای لاویەتی یەوەهەلسوراو بوو لەناو بزووتنەوەی سۆسیالیستی دا و پەیوەندی کرد بەپارتێکی شۆڕشگێر بەناوی پرۆلیتاریا، کەلەساڵی ١٨٨٢ دا دامەزرابوو، دەوروبەری ٢١ ساڵ بەر لەدروست بوونی پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی روسیا (بەلشەفیک-مەنشەفیک) دەستی بەکار کردن کردبوو. پرۆلیتاریا لەسەرەتاوەلەبارەی پرەنسیپ و پرۆگرامەوەچەند هەنگاو لەپێش بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی روسیا بوو. لەو کات دا بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەلەڕوسیادا هێشا بەسترابۆوەبەکارو چالاکی تیرۆری فەردی، کەبەشێک لەڕۆشنبیرانی قارەمان پێی هەڵدەستان. بەڵام پرۆلیتاریا لەساڵی ١٨٨٦دا کاری ڕێکخستن و ڕابەری هەزاران کرێکاری دەکرد لەخۆپیشاندان و مانگرتن دا. سەرەڕای ئەمەش پرۆلیتاریا بەکردەوەچوار لەسەرکردەکانی تووشی لەسێدارەدان و سەربڕین هاتن. وە ٢٣ ی تریش یان تووشی زیندانی بوون، بۆ ماوەیەکی زۆریش کاری تاقەت پروکێنیان پێ دەکردن. هەروەها سزادانی زیاتر لە٢٠٠ کرێکاری تر. تەنها بازنەیەکی بچووک رزگاریان بوو لەتێکشکان. یەکێک لەم کەسانەڕۆزا لۆکسمبورگ بوو کەلەتەمەنی ١٦ساڵی دا پەیوەست بوو بەڕێکخراوی پرۆلیتاریا. لەساڵی ١٨٨٩دا پۆلیس فشاری زۆری هێنا بۆ ڕۆزا تاوەکو وڵات بەجێ بهێڵێت، هاورێیانی ڕۆزاش ئەوایان بیر دەکردەوەو وەبەباشتر یان دەزانی بچێتەدەرەوەسودی زیاترە، نەک لەزیندان دا بێت. بۆیەڕۆزا بریاری دا و سەفەری کرد بۆ سویسرا لەشاری زوریخ نیشتەجێ بوو، کەیەکێک بوو لەگرنگ ترین ئەم سەنتەرانە،بۆ کۆچبەرانی پۆلەندی و ڕوسی. هەر لەوێوەچوو بۆ زانکۆ و وانەی زانستی سروشتی، بیرکاری، ئابووری خوێند، هەروەها لەوێ بەشداری چالاکانەی بوو لەناو بزووتنەوەی کرێکاری ناوخۆیی و بزووتنەوەی ڕۆشنبیری لەژیانی شۆڕشگێرانی کۆچکەران.



گرنگ تر لەمەش چەند ساڵێک دواتر ڕۆزا لۆکسمبورگ بوو بەڕێبەری تیوریسیۆنی پارتی سۆسیالیستی شۆڕشگێری پۆلەندا. هەروەها بوو بەیارمەتی دەری سەرەکی ڕۆژنامەی حیزب، Sprawa Rabotnicza کەلەپاریس چاپ دەکرا. لەساڵی١٩٨٤ دا پارتی پرۆلیتاریا ناوی گۆردرا، بوو بەپارتی سۆسیالیستی دیموکراتی شانشینی پۆلەندا؛ دواى ماوەیەکی کورت لیتوانیاشی بۆ زیاد کرا. ڕۆزا هەر بەڕابەری تیوریسیونی پارتی ( the SDKPL)مایەوەتاوەکو کۆتایی ژیانی.

ڕۆزا لەئۆگێستی ساڵی ١٨٩٣دا نوێنەری حیزب بوو لەکۆنگرەی ئەنتەرناسیونالی سۆسیالیست. لێرەدا ژنێک دەبینی لەتەمەنی ٢٢ ساڵی دا، دەچێتەناو پێشبرکێ یەک لەگەل ناسراوترین کەسانی ناو پارتێکی تری پۆلەندا، بەناوی پارتی سۆسیالستی پۆلەندا. کەبیروباوری سەرەکی یان سەربەخۆیی پۆلەندا بوو، هەرەوها ڕابەرانی کۆنی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی ڕێزیان دەگرد لەئەزموونەکانی پۆلەندە و هەروەها پشتیوانی کردن لەبزووتنەوەی نیشتمانی پۆلەندا رابردوویەکی قایم و نەریتێکی درێژی لەپشت بوو: هەروەها مارکس ئەنگلسیش گرنگی یان پێ داوەو تەرکیزی سیاسی یان کردۆتەسەر ئەم مەسەلەیە. سەرەرای ئەمانەش ڕۆزا لۆکسمبورگ چاونەترسانەهێرشی دەکردەسەر پارتی سۆسیالیستی پۆلەندا، تاوانبار کردنی ڕەوتی نیشتمانی بەرۆشنی و بەشێوەیەکی سروشتی، بەرەنگاربوونەوەی گۆرینی کرێکاران لەرێگای خەباتی چینایەتی: هەروەها بەرەو روو وەستانەوەو وەرگرتنی هەڵوێستێکی جیاواز لەدەسەڵاتی کۆن پێچەوانەی دروشمی سەربەخۆیی پۆلەند.

ڕۆزا رووناکبیری یەکەی بەشێوەیەکی بازدان و تیژ گەشەی کرد و هیچ کەس نەی توانی بەربەستی بکات لەپەیوەست بوونی بۆ چوونەناو سەنتەری بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان. لەساڵی ١٨٩٨دا لەئەلمانیا توانی رێبازو ڕەوتی خۆی پێکبهێنێت.

ڕۆزا بەشێوازێکی کۆڵنەدەرانەدەستی بەنووسین کرد، و دوای ماوەیەک بوو بەیەکێک لەیارمەتیدەری سەرەکی لەگرنگترین گۆڤاری تیوری مارکسیستی کەئەو کاتەدا، (Neue Zeit). ئەو هەمیشەسەربەخۆ بوو لەبڕیار و ڕەخنەکانی دا، هەتا لەبەرامبەر مەزنی و پایەبەرزی کەسێکی وەکو کارل کاوتسکی سەرنووسەر، کەبەباوکی مارکسیزم دەژمێردرا.

هەر وەکو ئەو (کارل کاوتسکی) دەڵێت ڕۆزا بۆ یەک جاریش بیروباوەری خۆی نەدەگۆری بەبێ لێکۆڵینەوەو پێ سەلماندن.

ڕۆزا لۆکسمبورگ چووەناو دڵ و دەرونی بزووتنەوەی کرێکاران لەئەلمانیا. هەروەها یارمەتیدەری بەردەوام بوو لەچەندین ڕۆژنامەی سۆسیالیستی – لەهەندێ کات دا سەرنووسەر بوو- لەگەل ئەوەشدا دەست نیشانی چەندین کۆبوونەوەی جەماوەری دەکرد و قسەکەری بەردەوام بوو لەسەر تەواوی ئەم باسانەی بزووتنەوەکە پێویستی پێی بوو. سەراپای، قسەکان و ووتارەکانی کاری داهێنەرانەی ڕەسەن بوون، کارەکانی ئەو دوور بوو لەسۆز. ئەو بەردەوام کراوەبوو لەگەل خوێنەرانی ، ئاسۆی بیرکردنەوەی مەزنترو بەرفراوان تر ببوو لەرابردوو.

لەو کاتەدا بزووتنەوەکەلەئەلمانیا دابەش ببوو بۆ سەر دوو ڕەوتی سەرەکی، یەکیان ڕیفۆرمیست و ئەوی تریان شۆڕشگێر، لەگەل زیاتر بوونی هێزی پیشوو. ئەلمانیا خۆش حال بوو بەگەشەی بەردەوام لەو کاتەی لەئەزمەبوو لەساڵی ١٨٧٣ دا کرێکاران پێوانەی ژیانیان سەرکەوت بەبەردەوامی و بێ وەستان، ئەگەر بەشێنەیش بێت: یەکێتی یەکرێکاری یەکان و کۆمەڵەهەرەوەزی یەکان بەهێز تر گەشەیان دەکرد.

دژایەتی کردنی ئەم دواکەوتوویی یە، و بیروکراتی یەتی ئەم بزووتنەوانە، بەیەکەوەلەگەل زیاد بوونی نوینەرانی پەرلەمانتاری پارتی سۆسیالیستی دیموکراتی، دوورکەوتنەوەلەشۆڕش و ئازایەتی یەکەیان دا بەو کەسانەی کەهەر ئێستا بەیانیان کردووە و جاریان بۆ ئەوەداوەبەرەبەرەبرۆن بەرەو ڕیفۆرمیزم وەکو بیروڕایی بنچینەیی. قسەکەری سەرەکی ئەم ڕەوتەئیدوارد برنشتاین بوو، وەکو شاگردێکی ئەنگلس

باسی لەنێوان ساڵانی ١٨٩٦- ١٨٩٨ دا زنجیرەیەک وتاری نووسی لەڕۆژنامەی **Die Neue Zeit** لەسەر کێشەی سۆسیالیزم، زیاتر و زیاتر بەئاشکرا هێرشی دەکردەسەر بیروباوەری مارکسیزم. قسەوتیژو بەرفراوان دەستی پێکرد. ڕۆزا لۆکسمبورگ تازەهاتبووەناو بزووتنەوەی کرێکارانی ئەلمانیا، یەکسەر هاتەوەڵام لەبەرگریکردن لەمارکسیزم. بەشێوەیەکی بلیمەتانەو زۆر جوان. ئەو لەنامیکەکەی دا هێرشی کردەسەر بڵاوبوونەوەی سەرەتانی ڕیفۆرمیزم بەناوی ( ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی یاخود شۆڕشی کۆمەڵایەتی).

هەر زوو دوای ئەوە، سۆسیالیستی فەرەنسی میلیرەند (**Millerand**) چووەناو هاوپەیمانی لەگەل پارتی سەرمایەداری. ڕۆزا لۆکسمبورگ بەدوای ئەم ئەزموونەچوو و لەنزیکەوەلێکۆڵنیەوەی لەسەر کرد و لەچەند زنجیرەوتارێکی گرنگ دا کە پەیوەندی هەبوو بەم کێشەیەبەگشتی لەپەیوەند بە بزووتنەوەی کرێکارانی فەرەنسا و مەسەلەی هاوپەیمانێتی لەگەل حکومەت. دوای شکستی ماکدۆنالد لەبەریتانیا، لەکۆماری ویمەری ئەلمانیا، هەروەها بەرەی گەلی لەفەرەنسا لەسالی ١٩٣٠دا. دوای جەنگی جیهانی دووەم و حکومەتی هاوپەیمانەکان لەهەمان وڵاتدا، ئەوەڕۆشنەئەم ئەنجامگیری و دەرسانەی ڕۆزا لۆکسمبورگ بەدەستی هێنا تەنیا گرنگ یەکی مێژووی نەبوو بەتەنها.

لەساڵی١٩٠٣-١٩٠٤دا ڕۆزا لۆکسمبورگ کەوتەدیالۆگ لەگەل لینین، لەگەل ئەو کەسانەکەجیاوازی یان هەبوو لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و دروست بوونی پەیکەرەی حیزب، هەروەها لەسەر پەیوەندی نێوان حیزب و چاڵاکی جەماوەری.

دوای ساڵی١٩٠٤ "پاراستنی قەیسەر" بریاری سێ مانگ زیندانی بۆ برایەوە، بەڵام یەک مانگ لەزیندان مایەوە.

لەساڵی ١٩٠٥دا، لەگەل بەرپابوونی شۆڕشی یەکەمی ڕوسیا، ڕۆزا زنجیرەیەک وتارو نامیلکەی نووسی لەسەر پارتی پۆلەندا، گەشەی دا بەبیری شۆڕشی بەردەوام، هەر وەکو دیارەئەم باسەسەربەخۆ گەشەی پێدرا لەلایەن ترۆتسکی و پارڤس بەڵام چەند مارکسیستی ترش باوەریان پێ بوو لەو کاتەدا. لەگەل ئەوەشدا بەلشەفیک و مەنشەفیک هەر دوو لایەن، سەرەرای جیاوازی قولی نێوانیان، بروایان وابوو کەشۆڕشی ئەو کاتەی ڕوسیا لەقۆناغی شۆڕشی دیموکراتی یە. ڕۆزا قسەو باسی ئەوەی دەکرد گەشەی دونیا قۆناغی دیموکرسی بۆرژوازی تێپەراندووە و لەکۆتایی دا یان دەسەڵاتی کرێکارانەیاخود شکستێکی تەواوە. درووشمی ئەو ئەوەبوو " دیکتاتۆری یەتی شۆڕشگێرانەی پرۆلیتاریا لەگەل جوتیاران".

لەگەل ئەوەشدا تەنها ئەندێشەو نووسین و قسەکردن لەسەر شۆڕش بەس نەبوو بۆ ڕۆزا لۆکسمبورگ. دوروشمی ژیانی ئەو ئەوەبوو، " لەسەرەتاوەکردار". سەرەرای ئەوەش لەو کاتەدا وەزعی تەندوروستی باش نەبوو،لەنزیکترین فرسەت لەدیسێمبەری ١٩٠٥دا رایکرد بۆ پۆلەندای ڕوسیا. لەو کاتەی شۆڕش لەلووتکەی خۆی دا بوو، جەماوەریش هێشتا لەچاڵاکی دا بوون، بەڵام ڕارابوون و لەکاتێکدا کۆنەپەرستیش لەبەرەوپێشچوون دا بوو. تەواوی کۆبونەوەکان قەدەغەکران، بەڵام کرێکاران هێشا لەسەنگەری خۆیانەوەکۆبوونەوەکانیان ئەنجام دەدا، لەکارگەکان کرێکاران ڕۆژنامەکانیان لێ قەدەغەکرا، بەڵام ڕۆژنامەی پارتی ڕۆزا لۆکسمبورگ ڕۆژانەدەردەچوو، ئەگەر چی بەنهێنیش چاپ دەکرا. لە4ی مارسی ١٩٠٦دا ڕۆزا دەستگیر کرا بۆ ماوەی چوار مانگ. یەکەم جار زیندان و ئینجا لەقەڵایەک و دواتریش ئازاد کرا. لەسەر ئەساسی تەندورستی و نەخۆشی و هاوڵاتی ئەلمانی بوو، لەم وڵاتەسنووورداش یان کرد.

شۆڕشی ڕوسیا لەساڵی ,١٩٠٥ گۆشت و خوێنی دا بەئەندێشەی ڕۆزا لۆکسمبورگ تێگەیشت چەند ساڵێک زووتر: ئەم خۆپیشاندانەجەماوەری یەسیاسی- ئابووری یە پێکهینانی توخمێکی بنچینەیی کرێکارانی شۆڕشگێرەلەخەباتکردن لە پێناوی دەسەڵات، جیاکردنەوەی سۆسیالیستی لەتەواوی شۆڕشەکانی رابردوودا. ئێستا فراوانکردنەوەی ئەندێشەی ئەوەلەسەر بناغەی ئەزموونی مێژووی نوێ.

قسەکردن لەسەر ئەنجامگیری کۆبوونەوەی جەماوەری، تاوانبار کردن بە"هاندان بۆ توندوتیژی" دوو مانگی تر چووەزیندان، ئەم جارەیان لەئەلمانیا.

ڕۆزا لۆکسمبورگ لەساڵی ١٩٠٧ دا بەشداری کرد لەکۆنگرەی ئەنتەرناسونال سۆسیالیست لەشتوتگراد. ئەو بەناوی پارتی ڕوسیا و پۆلۆنیا قسەی کرد، لەسەر پێشبینی یەکان و هەڵوێستی شۆڕشگێرانەی نەگۆڕ لەبەرامبەر جەنگی ئیمپریالیستی.

لەنێوان ساڵانی ١٩٠٥- ١٩١٠دا جیابوونەوەیکی بەرفراوان رووی دا لەنێوان ڕۆزا لۆکسمبورگ و سەرکردایەتی نێوانرەوی **SPD** دا، کەکاوتسکی دەم ڕاستی تیوری یان بوو. لە پێش ئەوە دا لەساڵی ١٩٠٧ ڕۆزا لۆکسمبورگ مەترسی دەربڕی لەسەر سەرکردایەتی پارت، جیاواز لەوەی بانگیان هەڵدەدا بۆ مارکسیزم، هەروەها گەرانەوەیان بەرامبەر بەهەلومەرجێک کە پێویستی بەبڕیاردانێکی چارەنووس ساز هەبوو. هاتنی ڕووداوی ساڵی ١٩١٠، بەتەواوی پەیوەندی نێوان ڕۆزا لۆکسمبورگ و کارل کاوتسکی تێکچوو لەسەر مەسەلەی شێوازی ڕێگای بەدەسەڵات گەیشتنی کرێکاران. لەئێستادا SPD جیابوونەوەو بوون بەسێ ڕەوت و باڵی جیاواز: ڕیفۆرمیستەکان کەنوێنەرایەتی باڵی سیاسەتی ئیمپریالیستی یان دەکرد: ئەوانەی بەخۆیان دەڵێن نێوانرەوی مارکسیستی، بەسەرکردایەتی کاوتسکی ( کەڕۆزا لۆکسمبورگ نازناوی ناون "سەرکردەی زەلکاو"ی لێنابوو) بەقسەهێشتا خۆیان پێ رادیکالە، بەڵام دەردەکەوێ زیاتر و زیاتر بەرەو ڕێبازی پەرلەمانتاری خەبات دەکەن: باڵی شۆڕشگێر کەڕۆزا لۆکسمبورگ بزوێنەرێ سەرەکی بوو.

لەساڵی١٩١٣دا ڕۆزا لۆکسمبورگ یەکێک لەگرنگترین پەرتووکەتیوری یەکەی خۆی بەچاپ گەیاند، کەڵەکەبوونی سەرمایە: بەشداری کردن لەلێکۆڵینەوەی ئابووری ئیمپریالیستی. کەبەبێ شک و گومان، یەکیکەلەگرنگترین بەشداری یەکانی بنچینەیی لەقوتابخانەی ئابووری مارکسیستی لەسەردەمانی سەرمایەوە. کە پڕەلەمەعریفە، زیرەکترین شێوازە، تیژترین لێکدانەوەیەی ڕۆشنبیری سەربەخۆیە، ئەم پەرتووکە، کەمیهرینگ نووسەری ژیاننامەی مارکس دەڵێ نزیکترین پەرتووکەلەسەرمایەلەچاو هەموو بەرهەمەمارکسیستەکانی تر. کێشەی سەرەکی لەلێکۆلینەوەکەی زۆر گرنگەلەبۆ تیوری و سیاسی: بەتایبەتی چ شتێک کاریگەری فراوانکردنی سەرمایەداری تازەدەکات لەناوچەدواکەوتووەکان لەسەر جیاوازی یەناوخۆییەکان و شێواندنی سەرمایەداری و جێگیر بوونی ئەم سیستەمە.

لە٢٠ی فێبریوەری ١٩١٤، ڕۆزا لۆکسمبورگ دەستگیر کرا لەسەر ئەوەی هانی سەربازانی داوەڕاکەن. لەسەر ئەساسی دانە پالی ئەم توهمەیەقسەی کردو ئەم تۆمەتانەی ڕەتکردەوە "ئەگەر ئەوان چاوەروانی ئەوەیان لەئێمەیەبراکانی خۆمان بکوژین فەرەنسی یەکان یاخود بیانی یەکانی تر، ئەوسا پێیان دەڵێین، "نەخێر لەژێر هیچ قەیدو شەرتێکدا." ئەم کارەناکەین. لەدادگادا ئەو هەلگەراوەلەنوێنەرێکی گومانلێکراوەوەبۆ نوێنەری گشتی، دواتر قسەکانی ئەو بڵاوکرایەوەلەژێر سەردێری ملیتاریزم، جەنگ و چینی کرێکار، کەیەکێک بوو لەم وروژانەسۆسیالستەشۆڕشگێرانەی سەرزەنشتکردنی ئیمپریالیزم. دادگا بڕیاری ساڵێک زیندانی دا بەسەریدا، بەڵام زیندانی کردنەکەی یەکسەر جێبەجێ نەکرا. ئەو کاتەی ژووری دادگای بەجێ هێشت، یەکسەرەو راستەوخۆ چوو بۆ کۆبوونەوەی جەماوەری دووبارەدەستی کردوەبە پروپاگەندەشۆڕشگێری یەکانی لەدژی جەنگ.

ئەم کاتەی جەنگی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد، بەکردەوەتەواوی سەرکردەکانی پارتی سۆسیالیست وەرچەرخان بەرەو ڕێبازی نیشتیمانی. لە٣ ی ئۆگێستی ساڵی١٩١٤ دا گروپی پەرلەمانی سەر بە پارتی سۆسیال- دیموکراتی ئەلمانیا کۆبوونەوەو بڕیاری یان دا دەنگ بدەت بەجەنگ بڕوابوون بەحکومەتی قەیسەر. لە١١١ نوێنەر تەنها ١٥نوێنەر یان دەنگیان لەدژیان دا. هەروەها دواتر داواکاری ئەوان رەتکرایەوە، ئەوان پێشنیازی دیسپلینی پارتی یان کرد. لە4ی ئۆگێستەوەتەواوی گروپی سۆسیال – دیموکرات بەیەک دەنگ دەنگی یان دا بە پاڵپشتی کردنی لایەنگرەکانیان. دوای چەند مانگی تر، لە2ی دیسێمبەرەوەکارل لیبخێنت گاڵتەی کرد بەم دیسپلینەحیزبی یەکەدەنگی دا بەم بێ ویژدانی یە. ئەو تاقەکەس بوو دەنگی دا لەدژی جەنگ و لایەنگرانیان.

ئەم بڕیارەدڵرەقانەی سەرکردایەتی حیزب دەری کرد گورزێکی توند بوو درا لەڕۆزا لۆکسمبورگ، لەگەل ئەوەشدا دوور نەکەوتەوەو وورەی بەرنەدا. لەهەمان ڕۆژدا، لە4 ی ئۆگێست سۆسیال دیموکراتەکان چوونەژێر ئاڵای حکومەتی قەیسەری، گروپێکی بچووک لەسۆسیالیستەکان کۆبوونەوەلەبالەخانەکەی و بڕیاریان دا بجەنگێن لەدژی شەڕ. ئەم گروپەڕێکخرابوون لەلایەن ڕۆزا لۆکسمبورگ و کارل لبخێنت،

فرانز میهرینگ و کلارا زیکتین، لەکۆتایی دا بوون بەیەکێتی سپارتاکیستەکان. ڕۆزا لۆکسمبورگ نزیکەی چوار ساڵ زۆربەی کات لەزیندانەوەدرێژەی دا بە ڕابەرایەتی کاری هاندان و ڕێکخستنی شۆڕشگێران، و درێژەدان بەڕێبازی ئاڵای بەرزی سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی .

هەڵگیرسانی جەنگ بووەهۆی دابرانی ڕۆزا لۆکسمبورگ لەبزووتنەوەی کرێکارانی پۆلەندا، بەڵام پێویستەئەوەقەبوول بکەین کەسەرمایەکی مەزن بوو بۆ پارتەپۆلەندی یەکەی و لایەنگیری بەردەوام بوو لەدەربڕینی ئەندێشەی سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیونالی.


© picture-alliance/ akg-images

شۆڕشی ڕوسیای فێبریوەری ساڵی ١٩١٧ ڕاست و دروستی پێشبینیەکانی ڕۆزا لۆکسمبورگی هێنایەدی سەبارەت بە سیاسەتی شۆڕشگێری بەرهەڵستکاری دژی جەنگ و خەبات لە پێناوی سەرنگوون کردنی دەوڵەتەئیمپریالیستەکان. ڕۆزا لەزیندانەوەچاودێری ڕووداوەکانی دەکرد، و لەنزیکەوەخەریکی لێکۆلینەوەبوو لەسەر ئەزموونەکان بۆ دوارۆژ. ئەو بەدلنیایی وەباوەری وابوو سەرکەوتنی فێبریوەری کۆتایی

خەبات نی یە، بەڵکو سەرەتایە، تەنها دەسەڵاتی کرێکاران دەتوانێ ئاشتی مسۆگەر بکات. ڕۆزا لەزیندانەوەپەیام لەدوای پەیامی بڵاودەکردەوەبۆ کرێکاران و سەربازانی ئەلمانیا لاسایی براکانتان بکەنەوەلەڕوسیا، وەبەم شێوەیەسەرمایەداران و مشوخۆران سەرنگوون کەن، لەکاتێک دا شۆڕشی ڕوسیا بپارێزن، لەهەمان کات دا ڕێگەنەدەن لەخوێن ڕشتنی خۆتان تا مردن لەژێر دەسەڵاتی بەربەریزمی سەرمایەداری.

ئەم کاتەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەرپابوو، ڕۆزا لۆکسمبورگ بەگەرمی پێشوازی لێ کرد، و پەسندی کرد لەبەرزترین قۆناغیدا. لەهەمان کاتدا ئەو باوەری بەوەنەبوو هەموو شتێک قەبوول بکات بەبی ڕەخنە لێگرتن، هەموو ئەو کارەخزمەت گوزاری یانەی بەلشەفیەکان دەیان کرد بۆ بزووتنەوەی کرێکاری. ئەو بەرۆشنی پێشبینی ئەوەی دەکرد ئەگەر شۆڕشی روسیا خۆی رزگار نەکات لەو شێوێندراوانەی بۆی پێش هاتووە، کەئیفلیجی کردووەلەگەشەکردن. کەهێشتا زووەبۆ گەشەسەندن لەیەکێتی سۆڤیەت، هەروەها ئەو دەست نیشانی خالەشێوێندراوەکانی کرد، بەتایبەتی لەسەر مەسەلەی دیموکراسی.

له8 ی نۆڤێمبەڕی ساڵی ١٩١٨دا شۆڕشی ئەلمانیا ڕۆزا لۆکسمبورگی لەزیندان ئازاد کرد. ڕۆزا بەهەموو هێز و تواناو پەرۆشی یەوەبەشداری لەشۆڕش کرد. بەڵام بەداخەوەهێزەکۆنەپەرستەکان بەهێز بوون، باڵی ڕاستی سەرکردەکانی سۆسیال دیموکرات و جەنەرالەکانی سوپای کۆنی قەیسەر یەکیان گرت بۆ سەرکوتکردنی چینی کرێکارانی شۆڕشگێر. هەزاران کرێکار کوژران: لە١٥ی جەنیوەری ١٩١٩دا کارل لیبخینت کوژرا: لەهەمان ڕۆژدا سەربازێک بەقۆنداخی چەکەکەی کێشای بەکەللەسەری ڕۆزا لۆکسمبورگ. بەگیان لەدەست دانی ڕۆزا لۆکسمبورگ بزووتنەوەی کرێکاران لەجیهان بەناوبانگ ترین ڕابەری خۆی لەدەست دا. کەووردبین ترین بیرمەند بوو دوای مارکس ئەنگلس . وەکو میهرینگ دەڵێت، شتێکی تر نی یە، لەژیانی ئەودا، لەمردن زیاتر، ڕۆزا هەموو شتێکی بەخشی لە پێناوی ڕزگاری مرۆڤایەتی دا.

چەند سەرنجێکی کورت لەلایەن وەرگێرەوە:-

- ئەم نووسراوەیەبەشێکی بچووکەلە پەرتووکێک بەناوی ڕۆزا لۆکسمبورگ، نووسینی: (تۆنی کلیف) لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی بووک مارکس. وەرگێرانی ئەم بەشەلەئینگلیزی یەوە: ئازاد ئارمان.
- ئەم وتارەبەبۆنەی بیرەوەری ٨٩ ساڵەی( ١٥ی ژانوییەی ١٩١٩- ١٥ی ژانوییەی ٢٠٠٨ تیرۆر کردنی ڕۆزا لۆکسمبورگ، تەرجوومەکراوەو بڵاودەکرێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری دەنگەکان

==========================================================================










سەرچاوە
Serchawe

# مافی پەنابەران لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان دا

عبد محمد احمدی

و: چیا عەبدوڵلاپوور



سەرەتا

یەکێک لە بابەتە گرینگ و پربایەخەکان لە یاسای نێودەوڵەتی، مافی پەنابەرانە کە لە سەردەمی ئێستادا، سەرەڕای پێشکەوتنەکانی پیشە سازی، پاراستنی ئاکار و مافە مرۆییەکان بە نیسبەت یەکترەوە لاوازەو زوڵم و دەستدرێژی بۆسەر مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەت بە نیسبەت کەسانی بێ دەسەڵات و لاواز، زۆرتر بووە، بە شێوەیەک کە هەندێ کات دەبێتە هۆی هەڵاتن و کۆڕەوی ژمارەیەک لە تاکەکانی وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە. لەم ڕووەوە مافی پەنابەران لەگەڵ زۆربەی باسە یاساییەکانی تر، لە یاسای نێودەوڵەتی هاتۆتە بەر باس و لە کۆنفرانسە جیهانیەکانیش دا بەڵێنامەگەلێک لەو پێوەندییەدا پەسەند کراون.

ئەم نوسینە بە گرینگی دان بە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکانی پێوەندی دار بە مافەکانی پەنابەران، مافەکان و ئەرکەکانی پەناخوازان دەخاتە بەر باس و تاوتوێ و هەڵسەنگاندن. لەو ڕووەوە کە پرسی پەنابەر ڕۆژ بەڕۆژ بەربڵاوتر دەبێت، ناسران و ناسینی مافەکان لە لایەن پەنابەرانەوە، بابەتێکی پێویست دێتە ئەژمار. ئاگادار بوونێکی ڕێژەیی لە مافەکانی پەنابەر، دەبێتە هۆی بەرگریەکی ئاگایانەی پەنابەران لە مافەکانیان و هەروەها ئەوانیش بە ئەرکە یاساییەکانیان ئاشنا دەکات تاکوو نەکا بە کردنی هەندێک کار، ببێتە هۆی نارەزامەندی وڵاتی خانەخوێ.

کێشەی پەنابەریەتی هەر لە کۆنەوە لە نێو کۆمەڵگای مرۆیی دا بوونی هەبوە و لە هەر دەورەو سەردەمێک دا، هەر کۆمەڵگایەک بە پێی باوەڕو کلتورەکانی خۆی، ڕێگاچارەیەکیان بۆ دۆزیوەتەوە. ئەم وتارە، سەرەتا چەمکی پەنابەر لە یاسای نێودەوڵەتی تاوتێ دەکا و دوایی بەشی سەرەکی باسەکە درێژە پێ دەدات.

## پێناسەی پەنابەر لە سەرچاوە نێو دەوڵەتیەکاندا

کۆنوانسیۆنی ساڵی ١٩٥١ ژنێف پێناسەیەکی گشتی لە پەنابەر هێناوەتە بەر باس و دەڵێ: "پەنابەر کەسێکە کە بە هۆی ترسێکی پەسەندکراوەوە، لەوەی کە بەو هۆیانەی کە پێوەندیان بە ڕەگەز یان ئایین یان نەتەوە یان ئەندامیەتی لە هەندێک گرووپی کۆمەڵایەتی یان هەبوونی بیرو بۆچوونی سیاسی ئازار بدرێت، لە دەرەوەی وڵاتی شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاسایی (وڵاتی فەرمی خۆی) ژیان بەسەر دەبات و ناتوانێت، و یان بە هۆی ئەو ترسەوە، ببێت بە هاوڵاتی ئەو وڵاتە، یان لە کاتێک دا کە ناسنامەی(لێرەدا مەبەس ئەوەیە کە ئەو کەسە هاوڵاتی هیچ شوێنێک) نیە، لە دوای وەها ڕووداو گەلێک لە دەرەوەی وڵاتی شوێنی ژیانی سەرەکی خۆی دەژیت، ناتوانێ یان بەهۆی ئەو ترسەی کە ئاماژەی پێ کرا نایهەوێ بگەڕێتەوە ئەو وڵاتە."١

بە پێی ئەم پێناسەیە:

ئا) پەنابەر لە ڕوانگەی سەرچاوە نێودەوڵەتیەکانەوە، بێگانەیەکە لە وڵاتی وەرگر کە بە هۆی ترس لە ڕاوەدوونان و هەروەها پاراستنی گیان، ماڵ و ئازادیەکانی، پەنا بۆ وڵاتێکی دیکە دەبات.

ب) ڕەگەزی سەرەکی لە هۆکاری پەنابەری "ترسی پەسەندکراو لە ڕاوەدوونان و ئازار"ە کە زانین و پەسەند کردنی ئەوش بەدەست وڵاتی وەرگرە و ئەو وڵاتە بە لێکدانەوەی هەموو لایەنەکان سەبارەت بە داخوازی پەنابەریەتی، یان ئەم هۆکارانە پەسەند دەکا یان پەسەندیان ناکات.

## بنەرەتی مافی پەنابەری لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان دا

سەبارەت بە پرسی پەنابەری و پەنابەر وەرگرتن، ئەم پرسیارە بە مێشکمان دادێت کە ئاخۆ پەنابەری بۆ تاکەکان، مافێکە کە لە هەلومەرجی تایبەت کەڵکی لێوەردەگرن و بە نیسبەت ئەو دەوڵەتەی کە داوای پەنابەری لێکراوە وەک ئەرکێک چاو لێدەکرێت؟

لە لێکدانەوەی کۆی سەرچاوە باوەڕپێکراوە نێودەوڵەتیەکان دەتوانین بڵێین کە تاکەکان لە بارودۆخی تایبەت کە لە بەردەم مەترسی و ترس دان، مافی ئەوەیان هەیە کە پەنا بۆ وڵاتانی دیکە بەرن و ئەو وڵاتانەی کە کەسەکە داوای پەنابەری لێ دەکات، ئەگەر ئەندامی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بن، لەسەریانە کە ئەو کەسانە وەرگرن.

* بەندی ٣١ کۆنوانسیۆنی ١٨٥١ ژنێف سەبارەت بە پەنابەرانێک کە بەشێوەی نایاسایی لە وڵاتانی دیکە دەژین، ئەمر دەکات:

١- وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیماننامە ٢، ئەو پەنابەرانەی کە ڕاستەوخۆ لە شوێنێک کە ((لێی دەژیا)) ژیان و ئازادیەکانیان لەبەردەم هەڕشە دابوە و بە بێ ئیزن هاتوونەتە ئەو وڵاتەو یان لەوێ دەژین، لە بەر ئەوەی کە بە پێچەوانەی یاسا هاتوونەتە وڵاتی ئەوان یان لەوێ دەژین، سزا نادەن، بە مەرجێک ((ئەوان)) دەستبەجێ سەردانی لایەنی پێوەندیدار بکەن و هۆکارێکی وا بۆ هاتن یان بوونی نایاساییان بخەنە ڕوو کە ئەو وڵاتانە ڕازی بکەن.

٢- وڵاتانی ئەندامی ئەم پەیماننامەیە سەبارەت بە هاتووچۆی ئەو جۆرە پەنابەرانە هیچ سنوورێک جیا لەوانەی کە پێویست بن، دانانێ و ئەو سنوورانە تەنیا تاکوو کاتێک دەبن کە بارودۆخی وەها پەنابەرانێک لە وڵاتی وەرگری بەنابەر دیاری نەکرابێت یان ئیزنی چوونە ناو وڵاتێکی دیکەیان بەدەست نەهێناوە.٣

* لە بەندی ٣٣ی هەمان کۆنوانسیۆندا دا سەبارەت بە نەهێشتنی دەرکردن یان گەڕاندنەوەی پەنابەراندا هاتووە:

سەرچاوە
Serchawe

"هیچ یەک لە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکە بە هیچ شێوەیەک پەنابەرێک ناگەڕێننەوە یان دوور ناخاتەوە بۆ شوێنێک کە ئەگەری هەیە بە هۆکاری پەیوەندی دار بە رەگەز، ئایین، نەتەوە، ئەندام بوون لە گرووپ یان کۆمەڵەیەکی کۆمەلایەتی تایبەت، یان هەبوونی بیروباوەڕی سیاسی، ژیان و یان ئازادی ئەو لەبەردەم هەرەشە دابێت."٤

بە هەڵوەستە کردن لە سەر کۆی ئەم بەنانە و هەروەها پێشەکی ئەم کۆنوانسیۆنە کە ئاماژە بە ئازادیە تاکە کەسیەکان و مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ، بۆ نمونە مافی ژیان دەکات وڵامی وەها پرسیارێک بە باشی روون دەبێتەوە و ئەویش ئەوە کە گیانی زاڵ بەسەر ئەم کۆنوانسۆنە لە بەرچاو گرتنی مافی پەنابەریەتیە بۆ کەسانێک کە لە بەردەم مەترسی و ترس دان و لە لایەکی دیکەوە، ئەرکێکە خراوەتە ئەستۆی وڵاتانی ئەندامی پەیماننامەکە بە وەرگرتنی ئەم کەسانە.

※ جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ لە بەندی ١۴ دا ئاماژەدەکا بەوەی کە:

"هەر کەسێک مافی ئەوەی هەیە لە بەرامبەر راوەدوونان، ئەشکەنجە وئازار، داوای پەنابەری بکات و پەنا بۆ وڵاتانی دیکە ببات."٥

لەم جارنامەیەدا ئاماژە کراوە بە مافی پەنابەریەتی. پێویستی مافی پەناخوازی، ئەرکی ئەو وڵاتەی کە داوای پەنابەریەتی لێ کراوە پەسەند کردنی داوای پەنابەریەتیە، جیا لەمە بایەخ و دڵنیایی ماف بۆ پەنابەر بێ سوودەو هەڵدەوەشێتەوە.

بەندی ١٢ی جارنامەی مافی مرۆڤی ئیسلامی (میسر)یش بە ڕوونی ئاماژە دەکات کە: "هەر مرۆڤێک بە پێی شەریعەت مافی گواستنەوەو هەڵبژاردنی شوێن بۆ نیشتەجێ بوون لە ناوخۆ یان دەرەوەی وڵاتی هەیە و لە کاتی لەژێر زوڵم و زۆر دا بوون دا دەتوانن پەنا بۆ وڵاتێکی دیکە بەرن. و ئەو وڵاتەی کە پەنای داون لەسەریەتی کە دەگەڵی هەڵبکات، تاکوو ئەوەی کە پانابەریەری پێ بدرێت. بەم مەرجە کە هۆکاری پەنابەریەتیەکەی بە هۆی دەست بردن بۆ تاوان بە پێی بۆچوونی شەرع نەبێت.'٦

## لانی کەمی مافەکانی پەنابەران لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان دا

### A . جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ

ئەگەرچی ئەم جارنامەیە، تەنیا بە مەبەستی پشتیوانی لە پەنابەران نەنووسراوە، بەڵام کۆمەڵە مافێک لەخۆدەگرێ بۆ هەموو مرۆڤەکانی جیهان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی هۆگری و لاگری ئەوان بە وڵات یان ئایینێکی تایبەت. لە پێشەکیەکەی دا هاتووە...: "کۆمەڵەی گشتی، جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ بە ئاوات و ئارەزووی هاوبەشی تەواوی خەڵک و هەموو نەتەوەکانی دەزانێت تاکوو گشت تاکەکان و هەموو بنەماکانی کۆمەڵگا بەردەوام سەرنج بدەنە ئەم جارنامەیە و هەوڵ بدەن کە لە ریگای پەروەردەو فێرکردن، رێزگرتن لەم ماف و ئازادیانە گەشە بکات و فراوان بێت و رێوشوێنێکی هەنگاو بە هەنگاو، نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، ناسین و بەرێوەبردنی راستین و سەرەکیان، چ لە ناوخۆی وڵاتانی ئەندام و چ لە ناو خەڵکی وڵاتانێک کە لە سنووری ئەواندان، دابین بکرێت"٧

سەرەکیترینی ئەم مافانەی سەبارەت بە پەنابەران لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ دا ئاماژەیان پێ کراوە بریتین لە :

١- کەڵک وەرگرتن لە تەواوی ماف و ئازادیەکان (بەندی ٢)

٢- مافی ژیان و ئاسایشی کەسەکی (بەندی ٣)

٣- نەهێشتنی هەر جۆرە ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی دژ بە بنەما مرۆییەکان (بەند ۵)

۴- یەکسانی هەموو تاکەکانی مرۆڤ لە هەمبەر یاسا دا (بەند ٧)

۵- مافی هاتووچۆ و ئازادی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێ بوون (بەند ١٣)

۶- هەبوونی مافی کار و پیشە (بەند ٢٣)

٧- مافی دەست راگەیشتن بە پەروەردەو فێر کردن تاکوو قۆناغی بەرزی پەروەردەو فێر کردن (بەند ٢۶)

### B) کۆنوانسۆنی ١٩۵١ ز ژنێف، پرۆتۆکۆلی ١٩٧۶ ز

کۆنوانسۆنی ١٩۵١ژنێف یەکێک لە سەرەکی ترین سەرچاوەی مافی پەنابەرانە لە رێسا نێودەوڵاتەکان . گرینگترین بەڵێنەکانی ئەم کۆنوانسیۆنە بریتین لە:

١- نەبوونی هەڵاواردن: "دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکە، ئەم کۆنوانسیۆنە بە بێ هەڵاواردن لە رووی رەگەز، ئایین یان نیشتمانی سەرەکی، سەبارەت بە پەنابەران لەبەر چاو دەگرن". بەندی ٣

٢- دین: "دەوڵەتانی ئەندام بە نیسبەت ئازادی پەنابەر لە بەرێوە بردنی رێوشێنی ئایینی و پەروەردە کردنی ئایینی منداڵەکانی خۆی، هەڵسوکەوتێک لانی کەم، بەڕادەی هەڵسوکەوتێک کە بە نیسبەت هاوڵاتیانی خۆی هەیەتی، لە خاکی ئەو وڵاتە لەبەرچاو دەگرن. بەندی ٤

٣- دابین کردنی کار لەگەڵ هەقدەست: "سەبارەت بە دابین کردنی کارو کارکردن لەگەڵ هەقدەست، هەر وڵاتێکی ئەندام بە نیسبەت پەنابەرانێک کە بە شێوەیەکی رێک و پێک لە وڵاتەکەیدا نیشتەجێن هەڵسوکەوتێکی باش کە لەوەها بوارێک دا بە نیسبەت هاوڵاتیانی وڵاتی بێگانە لەبەر چاو دەگرێ، بە نیسبەت ئەوانیش جێ بەجێی بکات." بەند ٧ (بەندی ١٨ و ١٩ش سەبارەت بە رەخساندنی هەلی کار لە بواری پیشە سازی، بازرگانی، وەرزێری و هەر جۆرە چالاکیەکی ئازادی زانستی ڕادەسپێرێ.

۴- سیستەمی دابەش کردنی خۆراک و جلوبەرگ: ' لە کاتێک دا کە سیستەمی دابەش کردنی خۆراک و جلوبەرگ هەبێ و دابەش کردنی بەرهەمە دەگمەنەکان لە ناو خەڵک دا بە شێوەی بەش بێتە کایەوە، بە نیسبەت پەنابەرانیش هەروەک هاوڵاتیانی رەسەنی ئەو وڵاتە هەڵسوکەوت دەکرێت". بەندی ٢٠

۵- ئازادی هاتووچۆ کردن: "هەر یەک لە ولاتانی ئەندامی پەیماننامەکە ئەو مافە دەدەن بەو پەنابەرانەی کە بە پێی یاسا لە وڵاتی ئەوندا ژیان بەسەر دەبەن، کە شوێنی ژیانی خۆیان هەڵبژێرن و بە ئازادی لە ناو وڵاتەکەدا هاتوو چۆ بکەن. بە مەرجێک کە ئەو رێسایانەی کە بە شێوەی ئاسایی لە وەها بابەتگەڵێک دا سەبارەت بە بێگانەکان بەرێوە دەچێت، لە بەرچاو بگرن" بەندی ٢۶

۶- پەروەردەی ئایینی: "١- سەبارەت بە خوێندی سەرەتایی دەوڵەتانی ئەندام بە نیسبەت پەنابەران هەروەک هاوڵاتیانی رەسەنی خۆی هەڵسوکەوت دەکات. ٢- سەبارەت بە خوێندی نا سەرەتایی و

سەرچاوە
Serchawe

بەتایبەت سەبارەت بە مافی درێژەدان بە خوێندن و دیاری کردن و بەراورد کردنی بایەخی بڕوانامەکانی دیپلم و ئەو زانستنامانەی کە لە لایەن وڵاتانی بێگانە دەرچوون و داشکاندنی پوول و ئاکامی پێوەندی دار بە پێدانی هاریکاری دارایی بە پەنابەران، هەڵسوکەوتی ئاساییان دەبێت تاکوو ئەو شوێنەی کە بۆیان دەلوێت یارمەتیدەر دەبن و لە هەر دۆخێک دا لە هەڵسوکەوتێک کە بە نیسبەت بێگانەکان بە شێوەی گشتی ڕەچاو دەکرێت، نالەبارتر نەبێت.)) بەندی ٢٢

هەروەها پرۆتۆکۆلی پێوەندی دار بە بارودۆخی پەنابەران، پەسەندکراوی ٣١ ژانویەی ١٩٦٧ م تەواوکەر و بەرەوپێشخەری بەندکانی کۆنوانسیۆنە.

## C. بەڵێننامە نێودەوڵەتیەکان

بە هۆی ئەوەی کە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ ڕێوشوێنی بەڕێوەبەری و گرەنتی بەڕیوەچوون و جێ بەجێ بوونی نەبوو، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ دەستبەجێ لە دوای ڕێکخستن و بڵاو کردنەوەی پێداگری کرد کە لەم بوارەدا، بەڵێننامانەگەلێک بۆ ئەو دەوڵەتانەی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤیان واژۆ کردووە پەسەند بکات کە لە ڕێگای یاسای ناوخۆیی و نێودەوڵەتی پابەندیان بکا بە جێ بەجێ کردنیەوە.

لەم ڕووەوە، لە ١٦ی دێسامبری ١٩٦٦ دوو بەڵێننامەی لە ژێر ناوی "بەڵێننامەی مافە مەدەنیەکان" و 'بەڵێننامەی مافەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان" لە لایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان پەسەن کرا. جیا لە ناوەڕۆکی ئەم دوو بەڵێننامەیە، تەواوی بنەما و ڕێوشوێنێک کە لە جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ دا هاتوە پێویستە جێبەجێ بکرێت.

ئەم دوو بەڵێننامەیە، ناوەڕۆکی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤیان بە وردی و ڕوونکردنەوەیەکی زۆرترەوە شی کردۆتەوەو لە هەندێک بواریشدا بە گشتی گۆڕانکاریان تێدا کردوە. لەبەرچاو گرتنی مافەکانی ناو بەڵێننامەکان بۆ حکومەتەکان تەکلیفێک و ڕێسایەکی یاساییە، لە کاتێک دا جارنامەی جیهانی بە ئەرکێکی ئاکاری و راستەقینەی لەقەلەم دەدات.

## مافی ئاوارەکانی شەڕ

بەندەکانی کۆنوانسیۆن و زۆربەی بەڵگەنامە نێودەوڵەتیەکان ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بە هۆکاری شۆڕشی ناوخۆیی یان دەستدرێژی وڵاتی بێگانە و هەروەها بە هۆکاری دابین نەبوونی ئاسایشی گیان، ماڵ و ئابرو پەنا بۆ وڵاتانی جیرانی خۆیان دەبەن. پرسیارێک کە لەوانەیە بێتە گۆڕێ ئەوەیە کەواتە چ دامەزراوەگەڵێک بەرپرسیاریەتی هاریکاری گەیاندن بەم پەنابەرو ستەملێکراوانەی لە ئەستۆیە؟

لەم بارەوە دەبێ بڵێین: یەکەم دامەزراوەکانی ڕێکخراوەکانی نەتەوەکان و هاریکاریە جیهانیەکان بەرپرساریەتیەکی زۆرتریان بە نیسبەت گەیاندنی هاوکاری بە پەنابەران لەسەر شانە و هەروەها ڕای جیهانی لەسەر ئەوە کۆکە کە هاوکاری تەواوی ئەو کەسانە بکرێت کە بە هەر هۆکارێک لە نیشتمانی خۆیان دەرکراون یان وایان لێ کراوە لە نیشتمانی خۆیان نەمێنن. دووەم، هەڵسەنگاندی جارنامەی مافی مرۆڤی ئیسلامی میسر و هەروەها بڕواو بایەخە ئیسلامیە ئایینیەکان، ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە کە هەر زۆڵم لێکراوێک کە خوازیاری هاوکاری و پەنابەری بێ، هەر تاکێکی موسڵمان، بە تایبەت دەوڵەتی ئیسلامی لەسەریەتی کە پەنای بدات و هاوکاری بکات.

هەروەک چۆن پێشتر ئاماژە کرا، لە بەندی ١٢ی مافی مرۆڤی ئیسلامی دا هاتووە کە: "هەر مرۆڤێک بە پێی شەریعەت مافی گواستنەوەو هەڵبژاردنی شوێن بۆ نیشتەجێ بوونی لە ناوخۆ یان دەرەوەی وڵات هەیە و لە کاتێ زوڵم لێکران دا ئەوا دەتوانن پەنا بۆ وڵاتێکی دیکە بەرن. و ئەو وڵاتەی کە پەنای داون لەسەریەتی کە پەنای بدات، تاکوو ئەوەی کە مافی پانابەری پێ بدرێت." ناوەڕۆکی ئەم بەندە هەم بە نیسبەت ئایین و مەزهەبی پەنابەران و هەم بە نیسبەت هۆکاری پەنابەریەتی گشتگیرە. لەبەر ئەوەی کە دەستەواژەی 'هەر مرۆڤێک' هەم موسڵمان و هەم ناموسڵمان دەگرێتەوە و هەورەهاش دەستەواژەی 'زوڵم لێکران" ئاماژە بەم بابەتە دەکات کەک زوڵم و زۆر دەتوانرێ لە لایەن هەر کەس یان گرووپ و بە هەر شێوەیەک بێت.١٥

لەو بارەوە دەبێ بلێن: یەکەم کە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خێراتی جیهانی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتیان بە نیسبەت گەیاندنی هاریکاری بەم پەنابەرانە زۆرترە و هەوروهاش لاگیری هزری جیهانی، گەیاندنی هاریکاری بە کەسانێکە کە بە هەر هۆیەک لە وڵاتی خۆیان دەرپەڕێندراون یان هەڵاتوون. دووهەم، شرۆڤەی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤی ئیسلامی و هەروەها باوەر و بایەخە ئایینیەکان ئەم خاڵە ڕوون دەکەنەوە کە هەر مەزلومێک کە خوازیاری هاوکاری و پەناهەندەیی بیت، تاک دەبێ یارمەتی بدات.

## بنەمای نەگەڕاندنەوەی پەنابەران:

یەکێک لە گرینگترین مافەکانی پەنابەران کە پێداگری زۆری لەسەر کراوە، بنەمای نەگەڕاندنەوەی پەنابەرانە بۆ ئەو وڵاتەی کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لەو وڵاتە دەرپەڕێندراون یاخۆد وایان لێکردوون کە بە ناچار جێی بهێڵن. ئەم بنەمایە بەردەوام لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە پێوەندی دارەکانەوە بە جیددی پشتیوانی لێ کراوە. برگەی یەکەم لە بەندی ٣٣ کۆنوانسیۆنی ١٩٥١دەڵێ: ' هیچ وڵاتێکی ئەندامی پەیماننامەکە بە هیچ شێوەیەک بۆ یان نیە پەنابەر بگەڕێنەوە یان دووریان بخەنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەگەری ئەوە هەیە بە هۆی پێوەندیدار بە ڕەگەز، نەتەوەو ... ژیان یان ئازادیان بکەویتە مەترسیەوە'.

کۆنوانسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئەشکەنجە و هەڵسوکەوتی بێ ڕێزی و نا مرۆییانە، ئاوا ئەمر دەکات کە: 'هیچ وڵاتێکی ئەندامی کۆنوانسیۆن، کەسەکە ناگەڕێنێتەوە بۆ وڵاتێکی دیکە کە شاهیدی جیدی سەبارەت بە بوونی ئەشکەنجە و مەترسی نیسبەت بە گیانی تاکەکان لەو دا هەیە.' لە بڕیارنامە و جارنامە جۆراوجۆرە نێودەوڵەتیەکان و ناوچەییش ئەم بنەمایە پێداگری لەسەر کراوەتەوە.

ئاییننامەی پەنابەران لە ئێران: بە پێی پەسەند کراوەکانی لێژنەی وەزیران لە ٢٥ی سەرماوەزی ١٣٤٢لە سەر پێشنیاری وەزیری ناخۆی ئەو کاتی ئێران، کۆمەڵە بەندیەکی چەند لایەنە سەبارەت بە پەنابەران لە ئێران دا پەسەن کرد کە لە بەندی دوازدەی دا هاتووە: "ناتوانری پەنابەر بە زۆری بگەڕێنریتەوە وڵاتێک کە لەودا ژیان و ئازادیەکەی لەبەر هۆکاری سیاسی، ڕەگەزی، مەزهەبی یان ئەندام بوون لە گرووپە کۆمەڵایەتیەکاندا لە ژێر هەرەشە دایە.'١٥

ئەم بنەمایە نێودەوڵەتیە ئیستسنایەکیشی هەیە کە لە برگەی دووهەمی کۆنوانسیۆنی ١٩٥١ دا هاتووە: ' بەڵام ئەگەر پەنابەرێک کە بە پێی هۆکارگەلێکی تەواو موجە، بوونی بۆ ئاسایشی وڵاتی وەرگرە مەترسی دار بێ و یان تاوانێکی گرینگی کردبێ، جیاوکی (امتیاز) ئەم بەندیە نایگرێتەوە.'١٦

بەم پێیە، تاکوو کاتێک کە هەڵومەرجێکی لەبار بۆ گەڕاندنەوەی پەنابەرەکان نەرەخسابێت، گەڕاندنەوەیان، پێچەوانەی بڕیارنامە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بە پەنابەرانە.

سەرچاوە
Serchawe

## ئەرکەکانی پەنابەران بە نیسبەت دەوڵەتی خانەخوێ (ئەو دەوڵەتەی کە وەک پەنابەر لێی دەژین)

دەگەڵ هەموو ئەو پێداگریەی کە بە نیسبەت وەرگرتنی پەنابەران و لەبەرچاوگرتنی مافەکانیان هەیە، هیچ کات وەرگرتنی پەنابەر لە لایەن وڵاتان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بێ سنورو مەرج نەبووە، بەڵکو پەنابەرەکان دەگەڵ پشکدار بوون لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئەو ئەرکەیان لەسەر شانە کە ڕێسا گەڵیک لە بەرژەوەندی وڵاتی خانەخوێ لەبەرچاو بگرن. بەندی ٢ی کۆنوانسۆنی ١٩٥١ ژنێف ئاماژە دەکات کە هەر پەنابەرێک کە لە هەر وڵاتێک دەژیت ئەرک گەڵێکی لەسەر شانە کە بە پێی ئەو ئەرکانە، دەبێ یاسا و ڕێساکانی ئەو وڵاتە لەبەرچاو بگرێ و ڕێز لەو هەوڵانە بگیردرێ کە بۆ پاراستنی ڕێکوپێکی گشتی دەڕێت.

لە بەندی ٢٦ ئەو کۆنوانسیۆنەدا هاتووە: پەنابەر لە پێوەندی دەگەڵ هاتوچۆ دا دەبێ ڕێز لەو ڕێسا گشتیانە بگرێت کە بە نیسبەت بێگانەکان بەکار دەبردرێن و پێیانەوە پابەند بن.

بەندی ٣٢ ش دەڵێ: پەنابەرەکان لەسەریانە کە سیستەمی گشتی و ئاسایشی وڵات بپارێزن و لە کاتی ژێرپێنانی ئەوانە، ئەو دەوڵەتەی کە وەریگرتووە دەتوانێ ئەوان لە وڵات دەربکات.١٧

بەم پێیە، هەر مافێک هاوتەریبە لەگەڵ کۆمەڵێک داوا و ئەرک. وەک چۆن پەنابەر مافیان بە نیسبەت دەولەتی وەرگرەوە هەیە، لەسەریەتی ڕێز بگرن لە ڕێسا و یاساگەڵێک کە تایبەت بە پەنابەران دادەندرێن. گرینگترینی ئەو ڕێسایانە، ئەو سنوورداریانەیە کە وڵاتی خانەخوی بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات و سیستەمی گشتی کۆمەڵگا، سەبارەت بە هاتووچۆی پەنابەران دایدەنێ. وڵاتی وەرگر، مافی دانانی ئەم جۆرە ڕێسایانەی هەیە کە پەنابەران سنوردار دەکەنەوە و پەنابەرەکان لەسەریانە کە ڕێز لەو ڕێسایانە بگرن و پێیانەوە پابەند بن.

## ئاکام

مرۆڤ دۆستی و هاوکاری لە نێوان مرۆڤەکان لەو کاتەوە کە ژیانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێک هاتووە، بوونی هەبووە و پرسی پەنابەر. یان لە شێوە زاری کۆن، بێگانە غەریبە لە کۆنەوە لە کۆمەڵگا مرۆییەکان دا جێگای باس و خواس بووە. لە سەردەمی ئێستا دا کە ژیانی کۆمەڵایەتی و پێوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان دا بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کردوە، هزری پشتیوانی و هاوکاری لە نێوان مرۆڤەکان لە سیستەمی یاسایی جیهانی گرینگیەکی زۆری پەیدا کردووە. تجلی و دەرکەوتنی ئەم هزرە لە شێوەی دانانی ڕێسا یاسایەکان لە بەرگری و هاوکار کردن لە پەنابەران و کۆچەرانی وڵاتانی جۆراوجۆر دیارە، ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و کۆمەڵگای وڵاتە جۆراوجۆرەکان بڕیارنامە، میبەڵیننامەی جۆراوجۆریان لە پێناوی بەرگری کرن لە مافەکانی پەنابەران پەسەند کرد کە لە لایەن زۆرێک لە وڵاتانی جیهان پەسەند کراون. کەسانێک کە بە هۆکارێک وایان لێ کراوە لە خاکی خۆیان هەڵبێن یان ناچار کراون کە ئەوێ بەجێ بهێڵن، لە هزرو بیری جیهانی و سیستەمی یاسای نێودەوڵەتی تایبەتمەندی و ماڤگەڵێک دەیانگرێتەوە. کەواتە، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە رووی تیۆری و یاساییەوە سەرنجی داوەتە کێشەی ئاوارەکان، بەڵام یاسا و ڕێساکانی پەنابەران بە هۆی نەبوونی پشتیوانیەکی بەڕێوەبردن، لە رووی کردەکی و بەڕێوەبەری لەگەڵ کێشەی راستەقینە بەرەو روویە. بە شێوەیەک کە وڵاتان بە سەرنجدان بە قازانج و بەرژەوەندیە نەتەوەییەکانی خۆیان لەگەڵ پەنابەران هەڵسوکەوت دەکەن و هەندێ کات پرسە یاساییەکان دەچنە ژێر کاریگەری پرسە سیاسیەکانەوە. لەم رووەوە، پەنابەران لە زۆربەی وڵاتان لەگەڵ کێشە و کوێرەوەری زۆر و جۆراوجۆر بەرەو روون.

## سەرچاوەکان:

١- هوشەنگ ناسرزادە، جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ، بەشی کۆنوانسیۆنەکان، کۆنوانسیۆنی ١٩٥١ ژنێڤ، نەبدی ئا بەندی یەک، هەڵبەت ئەم کۆنوانسیۆنە تەنیا سەبارەت بە کەسانێک کە بەر لە ساڵی ١٩٥١ ز. ئاوارە بوون، ماڤگەڵێکی وەبیرهێناونەوە، بەڵام لە پرۆتۆلۆلەکەی دا لە ساڵی ١٩٦٧ز. پەسەند کراوە ئەم کۆنوانسیۆنە هەموو ئاوارەکان دەگریتەوە. ر.ک. بە: هەر ئەو بەشەی پرۆتۆکۆلەکان

٢- مەبەست لە دەوڵەتانی ئەندامی پەیماننامەکە (متعاهد)، ئەو وڵاتانەن کە بەندەکانی ئەم کۆنوانسیۆنەیان بەسەند کردوە و واژۆیان کردبێت. ئێرانیش لە پوشپەڕی ١٣٥٥ بەو گرێبەستە پەیوەست بوە

٣ و ٤- هوشەندگ ناسرزادە، سەرچاوەی پێشوو، بەندی ٣١ و ٣٢

٥، ٦ و ٧- هوشەنگ ناسرزادە ، بڵاوکراوەی کۆلێژی یاسا و زانستی سیاسی، تاران، ژمارە ٢٧ ، ڕێبەندانی ١٣٧٠، بەشی پاشکۆکان.

٨ و ٩- سەرچاوەی پێشوو، بەشی پرۆتۆکۆلەکان

١٠- بۆ زانینی مەتنی پەیماننامەکان، بگەڕێوە بەشی پەیماننامەکان

١١- ڕێسای یاسایی لە رووی یاساییەوە پێویستە جێبەجێ بکرێت.

١٢- مەنوچێهر تەباتەبایی مۆئتەمێنی، ئازادی گشتی و مافی مرۆڤ، ل ٢٦٦

١٣- شێخ حر عاملی، وسایل الشیعه، ج ١٥، باب ٥٩، ل ١٤١

١٤- محەمەد ئیبراهیمی، ئیسلام و یاسای نێودەوڵەتی گشتی، دەفتەری هاوکاری حەوزەی زانکۆ، ج ٢ ، ل ٣٨٠

١٥ و ١٦- بە پێی قسەی شیرین عیبادی، مافی پەنابەران لە ئێراندا، ل ١٧٢ ، ئەم پەسەند کراوە لەبەر ئەوەی کە لە لایەن نوێنەرانی پارڵمان ئیسلامی یان شۆرای چاوەدیریەوە پێشێل بەکراوە وردە نەکراوەتەوە، هێزی یاسایی خۆی هەر ماوە. ل ١٩٠

١٧- هوشەندگ ناسر زادە، سەرچاوەی پێشوو، بەشی کۆنوانسیۆنەکان، بەندکانی ٢٦، ٢ و ٣٢

٢٣ ی جوونی ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

سەرچاوە
Serchawe




## خەزەڵوەر — ٢٧١٢ کوردی — Xezelwer

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | ١ 22 | ٢ 23 | ٣ 24 | ٤ 25 | ٥ 26 |
| ٦ 27 | ٧ 28 | ٨ 29 | ٩ 30 | ١٠ 31 | ١١ 1 Nove | ١٢ 2 |
| ١٣ 3 | ١٤ 4 | ١٥ 5 | ١٦ 6 | ١٧ 7 | ١٨ 8 | ١٩ 9 |
| ٢٠ 10 | ٢١ 11 | ٢٢ 12 | ٢٣ 13 | ٢٤ 14 | ٢٥ 15 | ٢٦ 16 |
| ٢٧ 17 | ٢٨ 18 | ٢٩ 19 | ٣٠ 20 | | | |
| | | | | | | رەحمان نەقشی |

زاخۆ

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە، لە ئامادە و بڵاو کردنەوە : رەحمان نەقشی

r_ neqsi@yahoo.ca

سەرچاوە
Serchawe